(١)

وزارة الثقافة

بەیانی یەکە کزەیەکی ساردی هەبوو، تازە خۆر لەدەم کەل دەرهاتبوو، تاچاو بڕی ئەکرد سەوزایی بوو. مرۆڤ لەسەیری ئەو سەوزەبارە دڵڕفێنە تێر نەئەبوو، بۆ هەرقەدپاڵێکت ئەڕوانی کانی بوو، نێرگزەجاڕ کاڵای بەهارەکەی بە زێڕوزیوی خۆی ڕازاندبووەوە، تاک تاکە گوڵاڵەسوورە و گوڵەبڕنج و دەنووکی لەقلەق ئەبینران. لقی درەختەکان، بەچەکەرە بوون، ئامێزی گەرمیان هێلانەی جۆراوجۆر باڵندەی خۆشخوان بوو، تەنانەت بەردەلانەکان پڕبوون لە نێرگز و مێلاقە و چاوپشیلە. شوێنە نسێی لوتکەکان هێشتا سەرپۆشی بەفریان فڕێنەدا بوو. ئاسمان شین وەک گۆمێکی هێجگار قوڵ، پەڵەپەڵە هەوری سپی پێوە دیار بوو. هاژەی ئاو و چیرەچیری کەو و شنەبا و بۆنی خاکی پاش تاوێک بارانی ئەو بنارە، مرۆڤیان مەست ئەکرد.

کە بەرەوخوار ئەتڕوانی دۆڵ و نشێوی یەکە وەک شارەمێروولە ڕەشی ئەکردەوە و بە یەکدا ئەچوون، تۆ بڵێیت مێگەل بێت و بە بەریڤان و شوانەوە بەرەو لەوەڕ بچمن، یان لەشکرێکی بێ شومارە.

لە ناوەندی ئەو قەرەباڵغی یەی بە مێگەلمان ئەزانی چەرداخێک کرابوو، پێنج هەنگاو بە دە هەنگاو، لەهەر چوار لاوە سەکۆیەکی چەند پێ

بەرزی لەژێردا بوو، سەرەکەی بە گەڵا و لقوپۆپی بەڕووی ئەو بنارە چنرا بوو.
لە ناوەڕاستیدا مەرکانەیەک دانرا بوو، هەوایەکی هێجگار فێنکی ئەدا بەژێر چەرداخەکە، لە دووری دوو هەنگاوەوە چەرداخەکە چیغ کرابوو، لەلای سەرەوە بە چیغێکی سەرکەپرەوە بەند بوو، کەپرەکە سێ هەنگاو بە چوار بوو، لە لای ژوورووییەوە لەسەر چوارپایەکی دارگوێز پێخەفێکی قەشەنگ، بە سەرچێڵەیەکی قەیفەی سوور داپۆشرا بوو، (میرمحمود)ی لەسەر خەوتبوو، لاقەکانی گرمۆڵە کردبوو، هەردوو لەپی دەستی خستبووە سەریەک و ژێرچەنەی. لە نێوان گەڵا بەڕووو قامیشی کەپرەکەوە تیریژێک کەوتبووە سەر دەم وچاوی، لووتە چەماوە و قەفە-سمێڵە ڕەشەکانی پتر دەرئەکەوت. لێوی پڕوئاڵ، دەم وچاوی لەخەوەکەدا لە منداڵ ئەچوو، برژانگەکانی ڕەش ودرێژ، برۆی ڕەش وچڕ و ئەستور لە بنکەی لووتیدا لە یەکیان دابووەوە. کەمێک سەری جوڵاند، کەوتە سەرپشت، نەرمە-پرخەیەکی لێوە ئەهات. زۆری نەبرد کەوتە خۆکێشانەوە و باوێشک دان، دەستی خستە بە پشتیدا و لەسەر پێخەفەکەی ڕاست بووەوە، جاجمەکەی لادا و لقی داهاوێژتە خوارەوە. سۆڵێکی چەرمی کرد بەسەر لقیەوە، لە ناوەڕاستی کەپرەکەدا کەمێ خۆی کێشایەوە، پەردەی دەرکی چیغەکە لادرا، گەنجێکی چوارشانەی چەتەوڵ هاتە ژوورەوە سەری نەوی کرد:

— خەوی خێرت بێ میرم

— کوڕم بەروێز ڕاسپێرە نانم بۆ بهێنن.

تا بەروێز خۆی کردەوە بە ژووردا، بە ناو کەپرەکەدا ئەهات و ئەچووە بەهەمان نەریت سەری نەوی کرد، دەفرو مەسینەیەکی پێ بوو، ڕاوەستا تا میر لەسەر چیچکان دانیشت بۆ دەست و دەم وچاو شتن، کە تەواو بوو دەسرۆکەیەکی ئاوریشمی بۆ ڕاگرت و دەفرو مەسینەکەی لەگەڵ خۆیدا بردە دەرەوە، زۆری

الثقافة والا

نەبرد بە سینییەکی مسی ئەستورەوە هاتە ژوورەوە، جامێک ئاو و جامێک شیری تازە دۆشراوی بۆ (میر) ڕاگرت. جامە ئاوەکەی نا بەسەرەوە، شیرەکەشی چۆڕەبڕ کرد و خستییەوە سەر سینییەکە. خوارسەمێڵی سپی بوو بوو، دەمی بە دەسرۆکەکە سڕی، کڵاوەکەی کردە سەر و مشکی و جامانەکەی تێکەڵ کرد و بەستی. بەشێک لە پشتێنە قەیفە ڕەشەکەی کردەوە و سەرلەنوێ بە توندی لەناو قەدی خۆی جەڕاند، خەنجەرە دەسک شاخەکەی خستە بەری و تەزبیحە ئەبلەقەکەی تێوە ئاڵاند، لە پڕ دەنگی هەڵبڕی و بانگی کرد

- پەرویز

وزارة الثقافة والاعلام
يسمح

بەفرتەیەک خۆی کرد بە ژووردا و سەری نەوی کرد، وتی:

- فەرموو میرم !

- هوسێن هاتووە ؟

زۆری نەبرد، کورتە بنەیەکی پێگەیشتووی چل ساڵە خۆی کرد بە ژووردا،

پۆشتە و پەرداخ، مشکی و جامانە و دەسماڵی تێکەڵ کردبوو، خەنجەرێکی دەسک کارەبای بە بەرپشتێنەوە بوو، کەمێک سەری نەوی کرد و سڵاوی کرد:

- ئومێدەوارم خەوت خۆش و خەونت ڕازاوە بوو بێت.

- دانیشە (هوسێن).

(میر) شیرەکەی لە ڕاسەری داگرت و دەری هێنا و خستییەوە کێلانەکەی، دەنگێکی تیژی لێ هات، سەیرێکی -هوسێن- ی کرد و بزەیەکی لەگەڵدا گۆڕییەوە:

- کە بە ئامانج گەیشتم، بزانم بچ بەیتێک لەسەر ئەم شیرە ئەڵێیت؟

دەم و چاوی (هوسێن) گەشایەوە، بە دەنگێکی پڕ خۆشییەوە، وتی:

- میرم، خۆم و دەنگ و بیرم مشکۆڵەزمەی ئەو شیرە و شیری خاوەن

ئەوشیرەیەن. خوای کرد تۆڵەی خۆت سەندەوە، دەیان بەیتی پێدا ئەڵێم.
بژەیەک بەسەر لێوی میرەوە هەڵبزرکا، زۆری نەبرد ئەندێشـەو چەند چرچێک کەوتە نێوچەوانی [ خەونێکی سرکە، حەوت شەو و ڕۆژ نابێت شایییەکە ساردی تێبکەوێت]. بە تێلەی چاو لە هوسێنی ڕوانی [ بەتەنیا پێی گەرم ناکرێت، بەڵام خۆشی سەرکەوتن وای لێ ئەکات هەست بەماندوولی نەکات، هێلکەی مریشکی ئەم وڵاتەی بۆ تەرخان ئەکەم تا دەنگی نەنووسێت].
لادانی پەردەی چێغەکە، ئەندێشەی بڕی، نۆکەرێک بە سینییەکەوە هاتە ژوورەوە سەری نەوی کرد و سینییەکەی لەسەر لایەکی پێخەفەکە دانا، چەند دەفرێکی لەسەر بوو بەچەند دەفرێک داپۆشرا بوون. (میر) چوارمشقی دانیشت و سەری دەفرێکی لادا

وزارة الثقافة والاعلام
یسەح

- هوسێن، بخۆ
- میرم نۆشی گیانت بێت، بەرچاییم کردووە، بەڵام لەبەر دڵی تۆ کەمێک هەنگوین و سوڵەکەو کەرێ ئەخۆم
دەستیان کرد بە خواردن، جارجارە بە دەم پاروو گلاندنەوە هوسێن بۆڵەیەکی لێوە ئەهات ... لێ بوونەوە هێشتا سەری چەند دەفرێک لانەدرا.
- دەی هوسێن بۆمان بچریکێنە.
کەمێک خۆی جوڵاند و دەمی بە دەسرۆکەی دەوری خەنجەرەکەی سڕی ووتی:
- قوربان مامۆستاو سەرکارو سەرلەشکر چاوەڕێتن، چی ئەفەرمووی؟
کەمێک داما، هەستایە سەرپێ و لە سەرخۆ پاش ئەوەی پەردەکەی بۆ لادرا بە ڕەوتێکی پاشایی چووە دەرەوە
هاژەهاژی زێکەی بە دۆڵەکان دا پێچاوپێچ ئەچوو تێکەڵ بە خوێندنی سوێسکەو قومری و فیچقەگونە ئەبوو ئاوازێکی شادی هێنایان پێک-

جارجارە تاسپەتاسێی ڕەوەکەوێک سەمفۆنیاکەی تەواو ئەکرد. ئەم بەرو ئەو بەری ڕۆخەکە سوورەچنار و شۆڕەبی و دارێ و هەنجیر و قۆخ و هەڵوژە بووە لەچەمەکەوە تا یاڵەکان بە دارەبەن و گوێز و داربەڕوو داپۆشرا بوو. جارجارە کەڵەکێوییەک، بزنێک، لە بزنە ڕێیەکەوە یان لە پاڵ گاشەبەردێکدا ملی قووت ئەکردەوە، زۆر سووک و سڵ تێی ئەتەقاند و بەرەو. چاڵەبەفرەکانی ملەکان ئەچوو. لەگەڵ (میر)ی گەورەدا زۆر ئەم ناوەیان بۆ ڕاو بەسەرکردبووەوە، وا ئەمڕۆ هەر بە یادی میری گەورەوە، هاتووەتەوە بۆ ڕاو بەڵام چ جۆرە ڕاوێک.

الثقافة والاعلام

پاش سڵاو و ڕێزنواندنیان، دانیشتنەوە، مەلا ئەحێکی بۆکرد و بە زمانێکی پاراوەوە، بە دەست تەزبیحی کارەبا هەڵسوڕاندنەوە، کەمێک خۆی قنج کردەوە، ووتی:

- قوربان هێشتا لەسەر بیری خۆتان سوورن؟

میر بە چاوە هەڵۆییەکانی سەیرێکی دانیشتوانی کرد، چاوی بڕییە مەلا و لەسەرخۆ ووتی:

- وەک ئایین فەرمانمان پێ ئەکات «دان بە دان و چاو بە چاو» لاتان ئاشکرایە، خوێنی میری گەورەی لە گەردندایە و منیش گەلێکی نەبەزو چەکدارێکی بەجەرگی وەک ئێوەم هەبێت، دەبێت بۆ ئاگری دەروونمان دائەمرکێنیەوە، ژیلەمۆی تۆڵە خواردن و خەوی لێ هەراسان کردووم.

کەمێک بێدەنگ بوو، هەمووش بێدەنگ بوون، چاویان تێ بڕی. ڕەنگ و دەربڕینی دەم و چاوی گۆڕا، دوو چرچی ستوونی کەوتە نێوان چاوەکانییەوە، کە وەک چاوی منداڵ ئەبریسکانەوە.

- دوێنێ شەو خوا بەچاکی بگێڕێت.

الثقافة والاعلام
یسمح

مەلا جوڵەیەکی لێوە هات ، لەوە ئەچوو بڵێ « إنشاءَ الله »، میر بەم بۆڵەیە نەوەستا ، وەك بارێکی قورسی لەسەر سنگ بێت و بیەوێت بە دووان دایگرێت ، لەسەری ڕۆیشت ؛

ـ خوای لێ خۆش بێت باوکم

هەموو بە دەنگێك وتیان ـ درود لە ناو گۆڕی ـ . پاشان بێ دەنگ بوونەوە، گوێیان قوڵاغ کردەوە ؛

ـ [باوکم ، جێی بەهەشت بێت هاتە خەوم ، نەمامێکی بە ڕووی بەدەستەوە بوو ، بەرزە لێ لەبەری هەستام ، سەرم سوڕما ؛ ڕیشی هاتبوو لە لێم نزیك بووەوە وتی ـ « کوڕم لێرەوە ئەڕۆی پاش ئەو گردانە ، دارژاڵەیەکی کلۆر ئەبینی ، لە بنجەوە هەڵی کێشە و ئەم نەمامە بە ڕووەی لە شوێنی بڕوێنە ». پێش ئەوەی دوو ووشەی لەگەڵ بڵێم ، وەك چۆن لە پڕ هات ، دیار نەما. لە خەو ڕاپەڕیم ، حەپەسام ، هێشتا دەنگی لە گوێمدا ئەزرنگێتەوە ـ « کوڕی قۆم ئەم نەمامە بە ڕووەی لە شوێنی بڕوێنە »] .

بێ دەنگ بوو ، خۆی ڕاست کردەوە ، سەرێنە پووشەکەی خستە باوەشی ، هەموو بەجارێك وتیان « انشاء الله چاکە » . مەلا وەك بیەوێت لێی بپرسن وەڵامێکی ئامادە کرد بوو ، دەم و چاوی دەربڕینی ئامادەیی تیا بوو ، کە پرسینەکە نەبوو پاش دەمێك ماتی ، بە دەم ( لا اله الا الله ) وە ، ووتی

ـ [ قوربان (انشاء الله) چاکە ، نەمام ڕواندن چاکە سەوزی یە ، سەوزیش نیشانەی ژیان و سەرکەوتنە ، خوا حەز بکات ، لەم کارەت دا سەرفراز ئەبیت] .

میر کەوتە بیرکردنەوە ، « مرۆڤ لە خۆشی و ناخۆشی دا ، هەستێك دای ئەگرێت وا ئەزانێت تا ماوە لەو بارەدا ئەمێنێتەوە.... تەمەنم بیست و پێنجە و...» دەربڕینی دەم و چاوی گۆڕا ، ئەو کاتانەی بیرهاتەوە ، باوکی بانگی ئەکرد

«خوله، وەرە دەریەت بەرە تۆلەی شێردڵ بۆ مەشقی سواری». لەو کاتانەدا هەستێکی دژایەتیم بەرامبەر باوکم هەبوو، زۆر لە ئەسپ وچوارپێ ئەترسام، ئەبێ هەموو هەڵەی دایە پێزوار بوو بێت بە ئایشی گوێ درێژ وشەولەبان ئەیترساندم، کەی ئەبێت بچمە سەر گۆڕەکەی باوکم، بانگی بکەم «بابە گیان، خوێنی ڕژاوتم سەندەوە بنوو، بە ئارام بنوو، چیت کوێر نەبووەتەوە».

وزارة الثقافة والاعلام

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، دانیشتوان کە هەستیان بەم دامانەی میر کرد، کەوتنە چپە و بە چاوە پاوێژ. ئەڵێن چاو لە کاتی هەڵچوونی خۆشی و ناخۆشی دا دەروازەی دەروونە، ڕاستە بەڵام چاوە هەڵۆلیەکانی میر هەمیشە ناخیان ئاشکرا ئەکرد، هەموو دانیشتوان ئەیان زانی لە پەرۆشی کارەکەیدا ترسی لە توانای خۆی هەیە و بە پەلەیە تا زووتر بگاتە ئەنجام. پەرویز قلیانی بە دەستەوە هات میر خۆی توتنەکەی هەڵبژارد و خستیە ناوی و مەلا بەردو پەوییەکەی لێدا و پەوییەی خستە سەر توتنەکە، میر کەوتە مژلێدانی. بەم تەرزە سەرلەشکر و شێرزادی کوڕی شێردڵ و سەرکار و هوستی کەنیلە سەروقلیانیان دەرهێنا و کەوتنە دوکەڵ کردن. پاش چەند مژێک مەلا ووتی:-

-[قوربان ئەم توتنە تاڵە چ شیرینییەک ئەدات بە مرۆڤ... لە سەرەتاوە کە دەست ئەدەیتە هەر کارێک، شیرینی هەنگوینت لێ ئەبێت بە تاڵاو، پاشان کە لەگەڵیدا ڕادێی و تان و پۆی ئەکەیت، لات ئاسان ئەبێت و شیرینی لە تاڵی توتنیش ئەبینی]-

سەرکار کەمێک خۆی قیت کردەوە، مژێکی لە قلیانەکەیدا و ووتی:-

-مامۆستا ئێستاش کە سەرەتای کارەکەیە هەر شیرینی لە توتن ئەبینی.

هەموو دانیشتوان، میر لە پێشەوە، دایانە قاقای پێکەنین، میر چرچێکی خستە نێوچەوانی و پاش کەمێک ڕامان ووتی:-

- مەلا یووسوو قسەکانت ، ڕاستی تێدایە ، بەڵام ئەوە هەفتەیەک ئەبێت ئەو
دوو پیاوەم ناردووە وا دیارە لێ سەروشوێن بوون.
پەرویز هاتە بەردەم (میر) وسەری نەوی کرد ووتی:
- قوربان شەو گەڕانەوە ، چەناپتان خەوتبوون ، من ڕێم نەدان بێنە لاتان
ئێستاش ناردوومە بە شوێنیان دا بێنە خزمەتتان.
دەم وچاوی میر ڕۆشن بووەوە ، بە بزەیەکەوە ووتی:
- پەرویز بازووکەن بێن .
هەموو لێ دەنگ بوون ، چاوەڕێی دەنگە وباس بوون ، خزمەتکارێک بە جامولەو
سوراحی یەکی مسەوە هات هەر لە میرەوە دەستی بە ئاوگێڕان کرد .
دووگەنجی چەتەوڵ و چەکدار ، بەرەو چەرداخەکە ئەهاتن ، پەرویز سەری
نەوی کرد ، ووتی:
- قوربان وا هاتن خزمەتت
نزیک بوونەوە ، بە ڕێ و شوێنی خۆی لێ ئەوەی سەر نەوی بکەن ، بە بێ جوولە لەژێر
چەرداخەکە بەرامبەر (میر) وەستان و سڵاویان لە میرو دانیشتوان کرد ،
میر ، ئەی ئەهێشت چەکدارەکانی کە زیاتر پڕ و قەمە و تەورو قەڵغان و گورزیان
پێ بوو ، سەر نە بۆ خۆی و نە بۆ هیچ کەس نەوی بکەن ، پاڵی دایەوە و پرسی:
- کوڕینە بڵێن چیتان کرد
یەکێکیان خەنجەرێکی دەسک شاخی بە بەرپشتێنەوە بوو ووتی:
- قوربان ڕێگە لێرەوە تا تەنگەبەری بەردەم شار هێجگار ئاسانە ، پڕ
لە سەوزی و تەراحی یە ، دێهاتێکی کەمی تێدایە ، بەڵام بە بیری من زۆر دەنگ بەری
(بەگ)ی [illegible] تێدا بێت . لەوە ئەچوو شتێکیان بیستبێت وا خۆیان مەڵاس داوە
تەنگەبەرەکەش دۆڵێکی تەسکی نێوان دوو لاپاڵە شاخە ، زۆر سەخت و بەردەلانە ،

و لێژە و لە خوارەوە ئاوێکی هێجگار خوڕی پێدا ئەڕوات، تەنیا ڕاڕەو[illegible]ی پردێک نەبێت، نە سوارە و نە پیادە ناتوانن لەو تەنگەبەرە بکەنە ئەوبەر، هەرلەم تەنگەبەرەوە بە ئاسانی درەخت و دیواری شار دیارە، پاش دەمێک ڕێ ڕەو کە گەیشتینە شار، دیوارێکی بەردی سەختی هەبوو، دە پێ بەرز و تەنیا یەک دەروازەمان تێدا دی، لە ڕووی تەنگەبەرەکەوە بە هەردوولادا ئەڕوات تا لە دوایی دا ئەدات لە بناری شاخێکی زۆر بەرز و سەخت ئەڵێی بەردەکەن دای تاشیوە، چەند قولەیەکیش لە دیواری شارەکە دا دروست کراوە. چەندمان کرد نەیان هێشت بچینە ژوورەوە، هەزار یەک پرسیاریان لێ کردین].

میر تاس بردیەوە، پاش لێ دەنگی یەک قلیانێکی تێدا بکێشرێت، وەکو هەڵۆ چاوی لە نێوان مەلا و سەردار و سەرلەشکردا ئەگێڕا،

- کوڕی خۆم ئاوەکە بە چ لایەکی تەنگەبەرەکەدا دێ و بە تەنگی یەکەدا ئەڕوات؟

- قوربان، لێرەوە بە دەستە چەپ دا دێت.

ئەوەی ووت و لێ دەنگ بوو، هێشتا هەر بە پێوە بوو، هەردوو دەستی خستبووە سەر یەک و لە سەر سنگی دانابوو. سەرلەشکر پرسی:

- قوربان تۆ بڵێی لەو دیو تەنگەبەرەکەوە ئاوەکە چۆن بڕوات؟.

میر بزەیەکی گرت و ووتی:

- ئافەرین برام، منیش هەر بۆ ئەوە چووم، پرسیارەکەت لە شوێنی خۆی دایە.

دەنگە هێنەکە ووتی:

- گەورەم هەر بە لای چەپ دا ئەڕوات، لە تەنگەبەرێکی ترەوە دەرئەچێت

میر سەیرێکی سەرلەشکری کرد ووتی:

- هیچ پرسیارت نییە؟

- نەخێر قوربان.

وزارة الثقافة والاعلام

وزارة الثقافة والاعلام
يسمح

ڕووی دەمی کردە گەنجەکە؛

- تۆ بڕۆ.

سڵاوێکی بەدەستی کرد ووتی:-

- فەرمانتە قوربان

دانیشتوان هەموو چاویان بڕییە میرو سەرلەشکر، کە نەرم نەرم پێکەوە ئەدوان

- باشترین ڕێگەیە

- بەڵام قوربان پێویستمان بە زانیارییەکی زۆرترە لەبارەی شارەوە

- ئەبێت یەکێکی زرنگ و زیرەک بنێرین، یەکێک بێت بێ ترس لە دەروازەی شار بچێتە ژوورەوە.

- قوربان ئەڵێی چی (هوستێن) بنێرین، گورانی بێژە و کەس گومانی پێ نابات؟

- ڕاست ئەکەی

هوستێن کەنیلە وەک کێچ لە وتبێتە کەوڵی، شوێنی بە خۆی نە ئەگرت، ووتی

- قوربان لەم کارەم ببەخشن

- بۆچی کەنیلە؟

- قوربان بۆ دوژمنیش بم نێرێت ئەچم، بەڵام دڵم ناهێنێ بەجێت بهێڵم،

نەقە لە دانیشتوانەوە نە ئەهات، بە پەرۆشەوە گوێ قوڵاخ بوون بەچی ئەگات، بە دەنگێکی پڕ بەزەییەوە (میر) ووتی:-

- هوستێن، گوێ بگرە ئەزانم تۆ دڵسۆزی ئێمەی، ئازیزی منی، بەڵام ئەم کارە هەر لە خۆت دێت، ئەمەش خزمەتێکی گەورەیە.

هوستێن- وەڵامی نەبوو، پاش دامانێکی کورت، سەری هەڵبڕی ووتی:

- قوربان خۆمن بە تەنیا ناچم، ئەبێت دەفژەنێکم لەگەڵ بێت. بۆچی

جەنابتان نابینە ئەو دەفژەنە؟»

هەموو دایانە قاقای پێکەنین، میر داما، دەربڕینی دەم وچاوی زووزوو لەنێوان مۆن و شادیدا ئەگۆڕا « ڕاست ئەکات بۆچی نەچمە شێوەی دەفژەن و خۆم ئەو شارە وردو درشتی بکەم وتێ بگەم».

میرو سەرلەشکر سەریان کرد بەیەکەدا، بڕیاریان دا سبەی سەرکاروەیرو هوسێن بچن بۆ ئەو ناوچەیەی، بڕیاریان داوە لەشکری بۆ بجوڵێ، لەوێوە دوورلە تەنگەبەرەکە بچنە دەوروبەری شار، بڕوەیان لێ کرد.

ئەوشەوە پۆیە خەوی لێ نەکەوت، لەپێخەفەکەیدا ئەتلایەوە، کەوتە سەر ئەم لاو ئەولا، سەردەم، سودی نەبوو، خەو بووە مەلێکی سرک و بۆی دەستەمۆ نەبوو. لەگەڵ خۆیدا ئەیووت

-[ هوسێن گەرچی ساویلکەیە، بەلام دنیادیدەیە ڕاست ئەکات باشتروایە خۆم بڕۆم، ئەو شار و دەوروبەرە بەچاوی خۆم ببینم و وەک مەلائەلێن تان وپۆی بکەم، بەڵکو نهێنیەکی وابزانێ بە کەمترین زیان شارەکەی لە دەست بکەمەوە].

ڕاست بووەوە، لەسەر پێخەفەکەی دانیشت، هاواری کرد؛

- پەروێز

لەچاوترووکانێکدا پەردەکە لادرا و پەروێز سەری نەویکردووە؛

- فەرموو میرم؟

میر باوێشکێکی داو کەمێک خۆی کێشایەوە، کەمێک چاوی سوور بوو بوو؛

- هوسێن-م بۆ بانگ بکە

- فەرمانتە میرم

زۆری نەبرد پەردەکە لادراو هوسێن خۆی کرد بەژووردا، پاش سلاوو ڕێز

نواندن ووتی:

- فەرموو قوربان

- هوسێن وەرە لام دانیشە،

چوو لە سەر لبادی بەردەم پێخەفەکە دانیشتو، چاوی بڕییە میر.

- هوسێن، من خونکم لێیە، تۆ قلیانێک بۆ خۆت تێکە.

قلیان و کیسە تووتنەکەی دەرهێنا، کە ئامادەی کرد بەرد و پەوییەکەی لێ داو مژێکی لێ دا

- هوسێن بیرم لە پێشنیارەکەت کردەوە،

ڕەنگی گۆڕا، لە دڵی خۆی دا ئەیووت (( تۆ بڵێی میر بە شێوەیەکی تر تێ نەگەیشتبێ؟ بۆیە ووتی:

- سوێند بە گۆڕی باوکت ئەخۆم، مەبەستم هەر چاکە بووە و هەر چاکەیە، ئەترسم....

میر قسەکەی پێ بڕی و ئەم ترسەی ڕەواندەوە؛

- کەنیلە تۆ لە برایەک دڵسۆزتر بووی بۆ من، بڕیارم دا لە گەڵتدا بێم، بەڵام ئەبێ فێری دەفم بکەی.

ڕووی هوسێن زیاتر گەشایەوە، بە بزەیەکەوە ووتی؛

- ئەی بە سەر چاو قوربان.

- ئەبێ خۆت ڕابهێنی لە بەرچاوی ئەوخەڵکە، وەکو دەفژەنێک لە گەڵم دا بجوڵێیتەوە.

- قوربان تۆ خۆش بیت لەوەدا زۆر کارامەم.

(میر) چاوە سوور بووەکانی هەڵگلۆفت و کەمێک خۆی کێشایەوە

- لەم دوو سێ ڕۆژەی داهاتوودا ڕێ ئەکەوین بەرەو شار، جا یەک دوو

ڕۆژت مۆڵەت هەیە فێرم بکەی

- قوربان ئەگەر من «هوسێن کەنیلە» نەبم، گەر وات فێر نەکەم و وات نەلۆڕێم خەڵکی خۆشمان پێت ناسنەوە.

بەدەم قاقای پێکەنینەوە میر باوێشکێکی دا و ووتی؛

- ئافەرین هوسێن کەنیلە، تۆ بڕۆ من ئەختێ ئەحەوێمەوە.

هەستایە سەر پێ و سەری ئەوی کرد و پاشە و پاش گەڕایە دواوە، کە چووە دەرەوە پەردەکەی لادایەوە. گەرچی پەرویز تا تاریکان لە بەردەم چەرداخەکە دانیشت بەڵام هیچ وورتە و سرتەیەک لە چیخەکەوە نەهات. میر خەوێکی چاکی کرد هەمان خەونی دیەوە، کە بۆ مەلای گێڕایەوە.

کە تاریک بوو هێشتا ئەم لە شیرین خەودا بوو، ژێر چەرداخەکە جمەی ئەهات، ئەوانی بەیانی لەوێ بوون بە هەمان تەرز دانیشتبوون، شوێنی (میر) و (مەلا) نەبێت چۆڵ بوو. زۆری نەبرد میر بانگی پەرویزی کرد، ئەمیش پەردەکەی لادا و چووە ژوورەوە، سەری ئەوی کرد و فەرمووی کرد

- شێوم بۆ بهێنە

هەر ئەوەندەی خۆی کۆ کردەوە و مشکی و جامانەکەی بەست و کلاشەکەی کرد بەسەر پێوە، پەرویز پەردەکەی لادا و نۆکەرێک بە سینیەکی مسەوە هاتە ژوورەوە کەفێک سەری ئەوی کرد و ڕاوەستا، میر لە بەردەم خۆیدا شوێنی دانانی سینیەکەی بۆ دیاری کرد، کە چوار دەفری هەڵە و گەڕاوی لەسەر بوو، سەری هەر چواری هەڵدایەوە و کەوتە خواردن، یەکێکیان گۆشتاو دووەم ماست و سێیەم قەرەخەرمان و چوارەم گۆشتی برژاو و نانە چەورەی تێدا بوو.

پاش تەواوکردنی بانگی کردە پەرویز شێوەکە لابات. خزمەتکارێک بە مەسینە و دەفرێکەوە هاتە ژوورەوە، کە میر دەستی شت، خزمەتکارەکە چووە

دەرەوە. میریش بە جل و بەرگەکەیەوە خەریک بوو. پاش کەمێک پەردە لادرا، هەموو دانیشتوان بەرزە پێ لە بەری هەستان، میر دانیشت و فەرمانی دانی دابنیشن، زۆری نەبرد قلیانیان بۆ میر هێنا و بەهەمان تەرز بۆ یان داگیرساند و کەوتە هەڵمژینی

- مەلا نەهاتووە

- قوربان لە نوێژە، زۆر نابات دێت.

هێشتا قلیانەکەی تەواو نەکردبوو، مەلا هات، بەرە و ناوەڕاستی دانیشتوان هات و سڵاوی کرد، سڵاویان سەندەوە، هاتە شوێنەکەی خۆی دانیشت (مێوژ) و (گوێز)یان لەسەر سینی مس هێنا، بەکێڵیان لەبەردەم میر دانا و ئیتر، هەردووکەسە و سینییەکی بەرکەوت، بەدەم شەکرە کردنەوەوە، کەوتنە باس وخواز

- مەلا چیت کرد

مەلا کەمێک قوڕگی خۆی پاک کردەوە و تەزبیحەکەی شۆڕ کردەوە و وتی:

- قوربان گەلێکی هێندە چاک و چاپوکت هەیە، پێویست بە هیچ ئامۆژگارییەک ناکات... بەڵام لەسەر فرمانی جەنابت و ئەرکی خۆم ئەمڕۆ هەر لە پۆلی پیرۆکەوانەوە تا ڕێم بە دەست دانم کۆکردەوە و چەند کاتژمێرێک باس وخواسمان کرد و پێم وتن کە چۆن ئایینی پاکی ئیسلام پێمان ئەڵێت تۆڵەی چاو چاوێکە و دان بە دانێکە و هەموو شتێک بە بەرامبەری خۆی و دەست درێژی کەریش خۆی بەسەر خۆی دێنێت.

میر بزەیەکی گرت و دەستی بۆ سینییە گوێز و مێوژەکە ڕاکێشا و وتی:

- بەڕاستی ڕابەری چاکی، خوا سەرفرازت بکات بۆ کاری چاکە.

مەلا وەکو هێشتا قسەی پێ مابێت، هەر چاوەچاوی بوو، هێشتا کاکڵە گوێزێکی لە دەستدا بوو نەیبرد بۆ دەمی وتی:

- قوربان بۆچی من لەگەڵ (کەیلە)دا نەچم؟

هوسێن گرژ بوو، سەرکارمۆن بوو، میر کە هەستی بە مانە کرد، بەدەم بزەیەکەوە

ووتی:

- مامۆستا کاری گرنگی تۆ لەناو ئەم چەکدارانەدایە، تۆ سەرچاوەی هێز و وەی ئێمەی، سوپاست ئەکەم، من زۆر بیرم لێکردەوە، لەم ڕۆژانەدا خۆم لەگەڵ کەنیلەدا بەڕێ ئەکەوم.

هوسێن خاو بووەوە، سەرکار بزەیەکی گرت، مامۆستا سنگی شانازی لێ دەرپەڕاندە لەهەموو لایەکەوە (خوا سەرفرازت بکا) بەرز بووەوە، ماوەیەکی زۆر باسی کاروباری ئەوجیهانە کرا. میر داوای ئاوی کرد، ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو کە ئەیەوێ لای چۆڵ بکرێت، ئاو هێنرا، هەموو هەستان بە هەمان ڕێوشوێن پاش ڕێز نواندن ڕۆیشتن، میر بانگی لەسەرلەشکر کرد، مایەوە.

- برام سبەینێ ئەبێت لە کازێوەوە دەرچین

- قوربان هەموو شتێک ئامادەیە خوایار بێت، سبەینێ پێش کازێوە بێدارتان ئەکەینەوە و دەرئەچین.

بێدەنگ بوو، وەک بیانەوێت شتێک بەیەکتر بڵێن، بەڵام بێدەنگییەکە درێژەی کێشا، سەرلەشکر وەی دایە بەرخۆی ووتی:

- قوربان، گەر کارت پێم نەبێت، مۆڵەتم بدەن بچم

ماڵئاوایی کردو ڕۆیشت، میر بە تەنیا مایەوە، کەوتە بیرکردنەوە [ باوکی خوالێخۆش بووم ئەیووت: لە هەموو شتێکدا بە تالوکەی. بەڵام ئەبێ مرۆڤ بۆ کاری چاکە بەتالوکە بێت. گەرخوا سەرفرازی کردین، ئیتر هێدی ئەبم.... ئاگری تۆڵە دەروونم ئەسوتێنێ تا نەچمە سەر گۆڕەکەی و نەڵێم - بابە بنوو، بە ئارامی بنوو، تۆڵەت سەندرا - هەر بە تالوکە ئەبم ]. هەستا و کڵاشەکانی کرد بە سەر پێوە، پاسەوان و پەرۆز نقەیان لەخۆیان بڕی بوو، کە میر ڕووی کردە چیغەکە، پەرۆز ڕاپەڕی و پەردەی بۆلادا، چووە سەر پێغەفەکەی پاش کەمێ ئەندێشە بڵاوی، کەوتە مەلەی دەریای فراوانی خەو.

-٢-

بەرەبەیان لە قرەی سەرلەشکرو پەڕۆیز بێدار بووەوە، سەرلەشکر ئەیویست میر بێدار کاتەوە، پەڕۆیزیشی نارد بە شوێن هوسێن دا،

پاش خۆگۆڕین، سەرلەشکر پێشنیاری کرد جلوبەرگی (میر)ی دابکەنێت و ئەو دەستە جلە لەبەر بکات بۆی هێنا بوو، زۆری نەبرد، کە نیلە هات و بەڕێ کەوتن.

تا گەیشتنە بەرامبەر ئاو وتە ئەبەری یەکە لێ دەنگ بوون، کازیوەی داێنتا باشتر ئەبیزان کە هوسێن و دەنگ هێنی بە چەند هەنگاوێک لە پێشیان کەوتبوون ... بە دەستی ڕاستدا لایان دا، چەند ڕێزە گردێکیان هاتە بەر سەرکەوتنی گران نەبوو، زۆریان پێچوو تا گەیشتنە ئەو کانی یەی لە بناری ئەودیوی شاخەکەی پاڵ شاردایە... دوو چارۆکە یان داخست، هوسێن و دەنگ هێنەکە بەرچایان ئامادەکرد، تەواو بوون، خۆر بالایەک لە سەرکەلی بەرامبەریانەوە بەرز بووبووەوە، تیشکی خۆرەکە ئەیدا لەو سەوزایی یە، گولە مێلاقە و چاوە پشیلە و نێرگزەجاری ئەدرەوشانەوە، میر وا هەستی ئەکرد یەکەم جارە سەوزەباری وا جوان ببینێت،

سەرلەشکرو دەنگ هێن ئەمانیان بە جێ هێشت و بە بزنە ڕێیەکی لاپالی شاخەکەدا سەرکەوتن، کە بە سەر شاردا ئەیڕوانی.

هوسێن دەسماڵەکەی لەسەر بەردێکی نزیک کانی یەکە، لە سێبەرێکدا، ڕاخست و فەرمووی لە میر کرد دابنیشێت، زۆری پێ نەچوو میر قاچی خستە سەر قاچ داوای قلیانێکی کرد، هوسێن قلیانەکەی پاک کردەوە و لە تورەکەکەیەوە کەمێک تووتنی دەرهێنا و پڕواندی و خستی یە قلیانەکە و بەردو پەوی یەکە دای گرساند و دایە دەستی میر.

یەک دوو مژی لێ دا، کلاوو مشکی و جامانەکەی داگرت و دەستێکی بە ناوچەوانی دا هێناو ووتی.

- هوسێن، بەزمێکمان بۆ نالێی؟

کەنیلە هەستایە سەرپێ و قورگی پاك کردەوە و ووتی:

- باش بوو قوربان خۆتان فەرمووتان ، دەنا ئەم بەهەشتە ڕازاوەیەمان هەروا لەکیس ئەچوو.

وزارة الثقافة والاعلام

هوسێن کەمێك ئاوی خواردەوە و لە نزیك میرەوە کەوتە بەستەی «ئازیزگیان» ، میر داچوو بووە ژێری ، کە بەستەکە تەواو بوو تاماوەیەکی هەر ڕکێفی ئەندێشەی بۆ نەئەگیرایەوە [ بەهارێکی خۆشە ، سەیری ئەو سەوزەبارە ، ئەو نەرمەبایە ، ئەو ئاوە ڕوونە ، ئەو دەنگە بەهەشتییە ، تاکەی تۆش بەتەنیا ، کێ ئەلێت لەم کارەدا بەساغی ئەگەڕێیتەوە ، تا ئەگەڕێیتەوە کێ چاوەڕوانیت ئەکات ، کێ شەونخوونی لە دوور ئەکێشێت .... گەر شتێکت لێ هات کێ سنگت بۆ بکووتێت ، کێ ناوت هەڵگرێت؟... ناوی خۆت و خێزانەکەت بە نەمانی تۆ ئەکوژێتەوە... تاکەی بەتەنیا؟ بۆ ناوت کوێر بێتەوە... حەوای کرد... گەڕامەوە ، کێ بێت بۆمن بشێت ، کچی مەلا ...... ئەڵێن زۆر شەنگ و جوانە و پەروەردەی مەلایە ، تۆ بڵێیت شایستەی ئەوە بێت وەچەی میر لە ئامێزی دا گۆش بکات. کچی سەرکار گەرچی بەتەمەنە بەڵام...]. تەواو بوونی ئاوازەکە و دەنگی کەنیلە لە بیرکردنەوەیان خست.

- قوربان... ئەڵێیت چی ، ئەسپەکان لێرەدا ببەستەوە و بەو شەخەڵەدا بڕۆین ، کەمێ پێ خۆشکیت بەڕا و وئەم دیمەنە ڕازاوانە دەربکەیت؟.

میر ڕاست بووەوە ، کڵاوەکەی کردەوە سەری و مشکی و جامانەکەی بەستەوەو پاش کەمێك خۆکێشانەوە ، بەهەردوو مشتی ، کەمێك ئاوی خواردەوە و ووتی:

- دەی لەسەر خوا

هوسێن ئەسپەکانی چاك بەستەوە ، تیروکەوان و ڕمەکەی لە لاتەنیشت و پاشولی ئەسپەکەی کردەوە و تیروکەوانەکەی دا بە (میر) و کەوتنە ڕێ ، بە ورچە ڕێیەکی ناو شەخەڵەکە بەسەر یاڵەکەدا سەرکەوتن ، هەمووی دارستان و جەنگەڵ بوو

مرۆڤی تێدا بزر ئەبوو ، هەرچەند سەد هەنگاوێك و كاتی یەك یان تاقگە یەكیان ئەدی. زۆر كەڵەكێوی و بزنەكێوی و ڕێوی و كەروێشكیان هاتە ڕێ ، بەڵام بواری ئەوەیان نەبوو زۆر خۆیان مەڵاس بدەن بۆ نێچیرەكان... بۆ نیوەڕۆیەكی درەنگ گەیشتنە سەر كەلەكە كە بەودیودا ڕووانیان شار دەركەوت ، وەك دەنگ هێنی گێڕایەوە ، زۆر سەخت و بەقوڵە بوو ، دیوارەكەی سپی ئەكردەوە گەرچی لە بناری شاخەكەدا بوو بەڵام مالی لە بەرزاییدا لێ نەكرابوو ، ووردە ووردە چوونە خوارەوە ، هێشتا بە شەخەڵ داپۆشرابوو ، بە مەزەنەی ئەمان نیوەڕۆ زۆرتێ بەهاریان ئەویست تا بگەنە لای دیواری شارەكە ، نەچوون ، زۆر بە ووردی لە هەموولایەك وورد بوونەوە ، كە خۆر كەوتە ئەم دیوكەل ، بڕیاری گەڕانەوەیان دا ووردە ووردە سەركەوتنەوە ، گەرچی ماندوو نەبوون بەڵام كەفتێك حەسانەوە و بۆ دواجار سەرنجێكی سەراپای ئەو ناوەیان داو بەودیودا شۆڕبوونەوە ، پاش نیوەڕۆ یەكی درەنگ گەیشتنەوە سەر كانی یەكەی جێ ژوانیان. میر كەڵەكێوی یەكی كوشتبوو ئەمانیش دوو كەروێشك و ڕێوی یەكیان كوشتبوو ، كەوتنە برژاندنی كەڵەكێوی یەكە ، پاش خواردن وكەمێ حەوانەوە كەوتنەوە ڕێ. بەو ڕێگەیەدا گەڕانەوە كە لێوەی هاتبوون

كە گەیشتنەوە لەشكرگا ، دابەزین ، ڕوویان كردە چادرەكە ، وەكو هەموو ڕۆژێك جەی ئەهات تەنیا مەلا نەبێت نەهاتبوو لە نوێژی خەوتنان بوو ، دەیان پرسیارت لە چاوی هەر یەك لە دانیشتوانی ژێر كەپرەكەدا ئەبینی. میر بانگی كردە پەروێز كە لە ژێر چادرەكەدا ناتیان بۆ ئامادە بكەن ، پاش كەمێك هێنرا و كەوتنە خواردن ، سەرلەشكر و میر لە سەر سینی یەك. ئەمە یەكەمجارە میر لە بەرچاوی خەڵكی و لەگەڵ یەكێكی تری وەك سەرلەشكر دا نان بخوات ، هەر یەكەی بە جۆرێكی لێك ئەدایەوە ، سەرلەشكر لە دڵی خۆیدا ئەیووت [ ئەبێت پیلانێكی ئاسان وسەركەوتووی دانابێ ، بۆیە دڵخۆشە و كردووەتی بە برابەشی خۆی ]. شێرزاد ئەیووت [ خوای لە سەر بێت میر ، ئەبێت لە ترسناكی یەكی

وزارة الثقافة

پەنگار کردبێت وا لاتەنیشتی لێ گرتووە].

نان لابرا، مەلا گەیشتە جێ، قلیانیان بۆ میر هێنا، ئاو هێنرا و پاشان خەیاری قاش کراویان هێنا، هێشتا بەروو لە دەمگەنەکان بوو، بەڵام لە لای میر هەبوو، ئەڵێن بەرد لە شوێنی خۆی دا سەنگینە، ئەم میرەش دوور نەبوو بڵێن لە زستاندا ترێ و میوەی هاوینەشی لا دەست ئەکەوت.

میر کەوتە بیرکردنەوە، پاش کەمێک نەرم نەرم لەگەڵ سەرلەشکر و سەرکاردا کەوتنە دوان... زۆری نەبرد دوای قاوەی کرد، قاوەیان لەسەر سینییەک هێنا، دابەش کرا و خورایەوە، هەموو جگە لە سەرلەشکر و سەرکار و مەلا و هوسێن ماڵئاواییان کرد و بڵاوەیان لێ کرد، بە فەرمانی میر کەوەکە پلنگە پێشیان کەوت، چوونە ژێرکەپرەکەوە سەرلەشکر و میر و مەلا لەسەر پێخەفەکەی دانیشتن و هوسێن و سەرکاریش لەسەر لبادەکە.

-[برایان سبەینێ من و هوسێن و پەروێز لەگەڵ کازیوەدا دەرئەچین، سەرکاری و پەوتی لەشکر و کەلەکم بە ئێوە ئەسپێرم، گەرچی هێندەی خۆم هیوای دڵسۆزیم پێتانە بەڵام نەکەن لە پێ و شوێنی باوکم دەرچن، گەیشتنە هەر ئاوەدانییەک تا دەستان لێ نەکەنەوە، نەیەنە دەست. چونکە لە دەست کردنەوەی ئێوەدا تەرووشک پێکەوە ئەسووتێت. گەر دەستیان لێ کردنەوە لێیان کەون، ئەوەی پشتی تێ کردن، ئەوەی چەکی فڕێ دا، ئەوەی هانای هێنا، پیر، ئافرەت، منداڵ مەکوژن. گەر بەرگرییەکەتان سەرکوت کرد، لە ئێمە و لە خۆیان دەستەیەکی دەمڕاستیان بۆ دابنێن و ئامەوێت جگە لەوەی پێویست ئەکات لە ناو خەڵکدا بمێننەوە... چەکدار و ئەسپەکان ماندوو مەکەن، دەست بە ئازووقەی خۆتانەوە بگرن، ماڵی کەس تاڵان مەکەن، کە گەیشتنە سەرباڵەکەی، سەرلەشکر ئەڕۆ چووبێت]. سەرلەشکر قسەکەی پێ نەبڕی، بەڵام هەر ئەوەی کرد هەستایە سەرپێ و دانیشتەوە. [لەوێ وەک دامان نا، مەنجەنیق و نیوەی

هێزەکە لە هەموو پۆلەکان نیشتەجێ بکەو بۆ سبەینێ با هەڵزنن ، لەوێ لەسەر ڕاڵەکە
لەناو شەخەڵەکەدا بمێننەوە ، تا خۆم دێمەوە ... گەر سێ هەفتە ڕابورد و نەهاتمەوە
وەیان هەواڵێکم بۆ نەناردن ، ئەوا بزانن ئێمە تیاچووین و تۆڵەی ئێمەش بخەنە
سەر تۆڵەی باوکم ]

وزارة الثقافة والإعلام

سەرکار بە شانازییەکەوە ووتی :-

— [من ئەوە بە ڕاست نازانم کە پەیامنێرێك بنێریت ، چونکە کێ ئەنێریت
تەنیا ئەبێت لە هوسێنی دڵنیابی ، گەر ئەویش بنێریت ، بە یارمەتی خوێت بە هیچی لێ ئەکەگە
لەوێ ئەو لە تۆ بەناوبانگتر ئەبێت و لە بەرچاوترەو شوێنی دیار ئەبێت ... من وا بەباش
ئەزانم سێ هەفتەکە چاوەڕێ بکەین و گەر نەگەیشتن ئەوە سێ ڕۆژ چاوەڕێ ئەکەین ،
گەر دیار نەبوون ئەوکاتە شالاو ببەین ].

میر بیری کردەوە « گەڵێکی چاك و زیرەکم هەیە ، خواسەرخزمان کاتە » پاشان ووتی

— با بڕیارمان وابێت لە بەیانییە دوو هەفتە بژمێرن گەر دیار نەبووین ، وەرنە
خوارەوە ، شار ئابلوقە دەن تا ئەگەڕێینەوە لاتان ، با دوژمن بەوە ماندوو بێ .

سەرلەشکر هێندە بڕۆکەکەی بەدڵ بوو ، یەکسەر قسەکەی لێ بڕی :

— دەم خۆش میرم ، کاتێکی باشمان بۆ کورت ئەکاتەوە ، لەوکاتەی ئێمە
گەمارۆی شار ئەدەین ، ئەوا شار سەرقاڵی ئاهەنگی ئێوەن

میر وادیار بوو خەوی دیت یان لە خۆی ڕائەبینی لە ماوەیەکی کورتدا فێری دەف
ژەنییەکە بێت ، شایەنی دەنگی زوڵاڵی (کەنیلە) بێت ، لەبەرئەوە بوو کە ووتی :

— خەرموو ئێوە ، من و کەنیلە بە تەنیا جێ بهێڵن ، بەڵام هەر لە ئێستاوە
جل و بەرگەکانمان بە پەڕۆیزدا بۆ بنێرن ، وەك بڕیارە با چوونەکەمان نهێنی بێت
دەستیان خستە ناو دەستی یەکێ و سەرکار خۆی نوشتانەوە و بە نزای چاکە و خواستنی
گەشتێکی چاکەوە چوونە دەرەوە ، مەلا ( ایة الکرسی ) بە [illegible] خوێند و لەدەوری

گەڕاندن ، هوسێن ووتی:

- قوربان با بچم دەفەکە بهێنم

ئەڵێن لەو زەمانەدا هەر میرێک ، سەردارێک بستوکە زەوی و زارێکی هەبووایە ، دیوەخانێکی بووایە ، پیرەتانجی یەکی بووایە ، ئەوا خۆشخوانێکی ڕا ئەگرت. کاتێک هوسێن کەنیلە ئەو شۆخەی هەڵگرت و هاتە لایان ، لەبەر دڵپاکی و قسەخۆشی و زولاڵی دەنگی خەڵکی خۆشیان ویست ، ئەیتوانی بچێتە ئەندەروونی و لەژووری میردا حیکایەتی بۆ بکاو بەیت و بالۆرەی بۆ بڵێت و لە ئەندەروونی ژنان دا بەستە و ئاواز بۆ ئافرەتی خێزانی میر بڵێت... ماوەیەکی زۆر ئەم کەنیلەیە شایەرێکی گەڕۆک بووەکە بە هار و هاوین بەسەر ئەچوو ، کاری کێڵگە ڕووی ئەکردە کزی ، ڕێ ئەکەوت و بە دیوەخانان دا ئەگەڕا لە هەر لایەکی چەند ڕۆژێک ئەمایەوەو کۆڕی بەزمی بۆ گەرم ئەکردن و شاباش و خەڵاتی باشی دەست ئەکەوت ، چەند جارێک بەزمی لە دیوەخانی «شاوەیس بەگ» دا گەرم کردبوو... بەڵام نەی ئەزانی کە ئەمان باسی تۆڵەسەندنەوە لەم بەگە ئەکەن ، تاکو ئەمڕۆ کە چوون بۆ سۆراخی شارەکە ، هەر لە مێشکی دا کەڵکەڵەی ئەکرد ، تا ئێستا هەلی بۆ هەڵ نەکەوتبوو کە بە تەنیا لەگەڵ میردا بمێنێتەوە ، پاش کەمێک بێدەنگی ووتی:

- میرم ، ئەمڕۆ شتێکم بۆ دەرکەوت ، زۆر بەنرخە ، بەڵام تکای ئەوەت لێ ئەکەم بڕوا بکە کە تەنیا ئەمڕۆ دڵنیا بووم.

میر بە هێمنی یەوە چاوی تێ بڕی و گوێی لێ ڕاگرت ، کە تەواو بوو بە نەرمەخەنەیەکەوە ووتی:

- کەنیلە پیشەکی و پاکانەی ناوێت ، من لێت دڵنیام.

- قوربان پێش ئەوەی بێمە لاتان ، لە ناوەندی پایزدا ئەم هەوارە و ئەو هەوارەم ئەکرد ، دیوەخانانم گەرم ئەکرد ، یەک دوو جار چوومەتە دیوەخانی «شاوەیس بەگ» و

الثقافة والاعلام

وزارة الثقافة والاعلام

ئاهەنگم بۆ گێڕاوە و چاك ئەمناسێت و لەبەر ئەوەی خۆی خۆشخوانی نە بووە، زۆر خۆشی ئەویستم ... کچە، شاکچەکەشی ...

میر قسەکەی پێ بڕی و ووتی:-

- شتی چاکە، کەواتە کارەکەمان ئاسانە، دەی دەفەکەم فێر بکە.

هوسێن دەستی دایە دەفەکە و ووتی:

-[ بەیارمەتی خوا، قوربان سەیری دەستم بکە، بە دەستی چەپت لەم لایەوە بیگرە، پەنجە گەورەت لە پشتەوە و پەنجەکانی تر لە دیوی چەرمەکەوە. ئەم دەستەش هەروا بگرە ... گەر گۆرانییەکە (مەقام) بوو، ئەوا لەسەرخۆ پەنجەی دەستی ڕاست بە ڕێی پەلەی مەقامەکە بدە بە چەرمەکەدا و دەستی چەپت مەجووڵێنە. گەر گۆرانییەکە (بەستە) بوو، واتە خێراتر بوو ئاوا جارێ پەنجەی دەستی ڕاست و جارێ پەنجەی دەستی چەپ بدە بە چەرمەکەدا و بە پێی خێرایی ووتنی بەستەکە، خێرای بکە)

دەفەکەی لە دەست وەرگرت و لەسەر ڕێ و شوێنی ئەو گرتی بە دەستەوە و کەوتە دەف لێدان، کەنیلەش دەستی کرد بە ووتنی ئاوازی (موتکی گیان)، زۆری نەبرد کەنیلە دەستا خۆشی لە میر کرد و میریش باوێشکێکی دا و ووتی:-

(- هوسێن بەیانی ڕێمان دوورە، هەستە برۆ با سبەینێ چالاک بیت).

هوسێن هەستایە سەر پێ و سەری خۆی نەوی کرد و پەردەکەی لادا و ڕۆیشت، بیر خۆی کردەوە و چووە ناو پێخەفەکەی، چاوی نا بە یەکدا، بەڵام خەو وەکو تەم لێوی بوو بۆی کەوی نەبوو، [ ئەوەی من نیازمە، بە سەرگوزشتە ئەگێڕدرێتەوە، چ میرێك ئەبێت بە دەفژەن .... بەڵام هەموو شتێك نرخی خۆی هەیە و قوربانی خۆی ئەوێت، گەر من بمەوێت ئاگری تۆڵەی دڵم دابمرکێنمەوە، ئەبێت یان وا بە زیرەکی تان و پۆی هەموو لایەنێکی شار بکەم ....یان...ئەبێت زیانێکی زۆرمان لێ بکەوێت و بە سەدان بگرە هەزاران منداڵ هەتیو بکەوێت، بەڵام ئامادەم

وزارة الثقافة والاعلام

خۆم قوربانی یەکە بدەم ...].

کەمێک تلایەوە، ئەم دیو و ئەو دیوی کرد، تا بەدەم بیرلە ڕێی سبەینێوە خەوی لێ کەوت و هەمان خەوی جارانی دی یەوە.

## - ٣ -

که لە خەو ڕاپەڕی کازیوە بوو، مقۆمقۆی هوسێن و پەروێز بوو، حلیکەی چەند ئەسپێکی هاتە گوێ، سەری سوڕما ئەبێت چی بێت؟. بە بیری نەمابوو ئەمڕۆ قۆناغیان شارە، پەروێز کە هەستی کرد جوڵە کەوتە ژێرکەپرەکە کەمێکی پەردەکەی لادا، چاوی بە چاوی میردا تەقییەوە

- پەروێز کوڕم ئەو گەرەلاوژییە چییە؟

بە قورگێکی نیمچە نوسساوەوە، پاش ئەوەی هاتە ژوورەوە و سەری نەوی کرد و سڵاوی کرد،

- قوربان کازیوەیە، ڕێ ئەکەوین؟

- هوسێن هاتووە؟

لەم ساتەدا میر ڕووداوەکانی دوێنێی هاتەوە یاد و کەوتە خۆ کۆکردنەوە، هوسێن کە هاتە ژوورەوە بە میردا ئەبڵەق بوو،

- قوربان بەم جل و بەرگانەوە بڕۆین؟

- هوسێن تا لە ناوچەی خۆمان دەرئەچین، ئەبێت جل و بەرگی ئاسایی خۆمان لەبەردابێت، پاشان خۆمان ئەگۆڕین و بە پەروێزدا لەگەڵ ئەسپەکاندا ئەیگەڕێنینەوە.

- فەرمانتە قوربان

ئەوەی ووت و چووە دەرەوە، چاوەڕێی (میر)یان ئەکرد بە دەرکەوێت، زۆری نەبرد هاتە دەرەوە، سواری ئەسپەکانیان بوون، کەوتنە ڕێ، هەمان ڕێی دوێنێیان گرت. لە چێشتەنگاودا گەیشتنە بەرامبەر تەنگەبەرەکە، دابەزین، خۆیان گۆڕی و جل و ئەسپەکانیان بە پەروێزدا گەڕاندەوە. لاپاڵی چیایەکی بڵند بوو، لای ڕاستەوە دارستانێکی چڕ، هەموو جۆرە درەختێکی تێدا بوو، لە دۆڵەکەدا ئاوەکە بە خوڕ ئەهات و بەرەو تەنگەبەرەکە ئەچوو، دانیشتن، بەرچاییان کرد، میر نەیئەزانی سەیری

کۆی ئەکات، بۆ هەر لایەکی ئەڕوانی ئاو و سەوزایی بوو، ئەم دیمەنە لەگەڵ خوێندنی باڵندەکان دا، تێکەڵ بە خوڕەو هاژەی ئاو و چەمەکە ئەبوون تابلۆیەکی وا قەشەنگی یان پێک هێنابوو، میری مەست کردبوو، هەست و سۆزی هەژا بوو، پاش کەمێک لێ ڕامانی دیمەنەکان، لەسەر گیای پێتەڵی بەزایی دانیشت:

- هوسێن، دەفەکەم بدەرێ، وەرە با ئاوازێک گەرم بکەین.

هوسێن حەزی ئەکرد بە هەموو جۆرێک دڵی میر ڕاگیر بکات، سێ منداڵی هەبوو، هەرسێکی لە پێناوی ساتێک شادی میردا سەر ئەبڕی، بەڵام بە جۆرێکی تر لەمە گەیشت وای زانی میر ئەیەوێت توانای دەفژەنینی خۆی تاقی کاتەوە. دەستیان پێ کرد، دەفی میر و چریکەی کەنیلە بە ئاوازی (شیرین پەنجە پڕ) تێکەڵ بە هاژەی ئاوی قەدپاڵەکە ئەبوو، لە دۆڵەکەدا ئەدرایەوە و ئەگەیشتەوە گوێی خۆیان و گەڕەتری ئەکردن، ماوەیەکی خۆیان لەبیر چوو بووەوە، بوو بوون بە تابلۆیەکی زیندووی سروشتە دڵرفێنەکە. وەکو ماندووبوون یان کەوتنە خوارەوەی بەردێک لە قەدپاڵەکەوە بە ئاگای هێنانەوە، لە و ئاوازە کەوتن، چەند سوارێک بەرەو ڕوویان هاتن، میر دەستی بۆ بەرپشتێنەکەی برد هوسێن بە دەنگی نزم ووتی:

- میرم خۆت مەشێوێنە، ئێمە خۆشخوان و دەف ژەنین، بۆ هەر شوێنێک بڕۆین وڵاتی خۆمانە.

سوارەکان هاتنە پێشەوە، لە دووری چەند هەنگاوێکەوە وەستان و یەکێکیان کە شێرێکی بە تەنیشتەوە بوو، دابەزی و ووتی:

- کوڕە ئێوە کێن؟

کەنیلە زۆر بە ئاسایی ووتی:

- قوربان ئێمە خۆشخوانین و هەوارە و هەوار ئەگەڕێین، بەزمی دیوەخانان گەرم ئەکەین، ئاهەنگی بەگ و بەگزادان ئەڕازێنینەوە.

سوارەکانی تر دابەزین، هاتنە پێشەوە، فەرمووفەرمووی لێ کردن و ڕووی کردە میر ووتی

- (کوڕە خولە، چایەکیان بۆ لێنێ)

میر کەمێک شێوا، نەچاوەڕوانی ئەوە بوو لە هوسێن، نەک تەنیا لە هوسێن بەڵکو لە هیچ کەسێک وا فەرمانی بکات بەسەردا. هەروەها نەیزانی چا لێ بنێت.

کە هوسێن بەم پەشێوییەی زانی یەکسەر ڕووی کردە پیاوە ماقوڵ ناو سوارەکان و ووتی

- قوربان ئێوە لە خانەدانی ئەچن، ڕێم بدەن چای دەستی من خۆشترە، با چایەکتان بۆ بکەم.

بە دەم چا خواردنەوەوە خۆیان بە یەکتر ناساند و کەوتنە گفتوگۆ، ئەوانە سەرلەشکری ((بەگ)) و پیاوەکانی بوون، دەنگ و باسی هاتنی لەشکرێکیان بیستبوو بۆ سۆراخ هاتبوون.

هوسێن و خولە (میر) کەوتنە باسی پاشایی و درێژی و لێ شوماری ئەو لەشکرەی هەڵی داوە و جووت میرەکەیان خەڵاتی کردوون و وەک بزانن ڕوویان لە (شار)ە، بەڵام لەوە ناچێت بەو بیابانەدا زوو بجوولێن، چاوەڕێی شتێکن.

کە سەرلەشکر ئەم شتانەی وا بە ساکاری و ئاسانی دەست کەوت وای ئەزانی نێچیرێکی دانسقەی بۆ (بەگ) ڕاو کردووە، بێگومان ئەبوایە وای بزانیایە، جگە لەوەی خۆشخوان دەف ژەنن، دەنگ و باسی وایان لێیە، نێچیرێکی مرن. ئەسپێکیان دا بە خولە و کەنیلە، سوار بوون و کەوتنە ڕێ، هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبوون وا بە ئاسانی، تەنگە بەرەکە ببڕن و بچنە شارەوە، شاری چی وەک دەنگە هێن و سەرلەشکر بۆیان باس کردبوو تا بڵێی پەنا و تا بڵێی توند و تۆڵ و قەرەباڵغ. لە دەرگای شاردا سوارێکیان پیادە کرد و ئەسپەکەیان دانێ تا هەر یەکەیان

سواری ئەسپێکی بێ... دەمەو ئێوارە بوو، هێشتا زەردە نەپەڕیبوو، خۆیان کرد بە تەلاری (بەگ)دا، بە درێژایی ڕێ لەو کاتەوە هاتنە شار، ئەمان چاوەچاویان بوو، خەڵکیش وەکو شارەمێروولە ئەم لاولای ڕێگەکەی تەنی بوو، سەیریان ئەکردن، هەندێکی بە چەکداری دوژمنی ئەزانین، هەندێکی تر بە میوانێکی ئازیز، ئەوانەش باش ورد ئەبوونەوە بە دەروێشیان ئەزانین، بە تایبەتی کە دەفیان لێ بوو، سەروپێچیان گەورەو حل وبەرگیان ڕەشۆکی... کەم کەس بە خۆشخوان ودەف ژەنی ئەزانین.

چوونە ژوورەوە، سەرلەشکر پێش کەوت، ئەمانی لە دەرگاکەدا ڕاگرت، خولە بە وردی لە دەرکەوان و چوونە ژوورەوە و سڵاوی سەرلەشکر ڕاما، زۆری نەبرد (بەگ) بانگی کردنە ژوورەوە، لە بەریان هەستا و ڕێی پیشان دان لای چەپی ژوورەکەوە دابنیشن، زۆر لە (کەنیلە) ورد بووەوە، ئەویش کە هەستی کرد هەستایە سەر لێی ووتی:ـ

ـ قوربان من هوسێنی کەنیلەی خزمەتکارتم

دەم وچاوی (بەگ) گەشایەوە و بە زەردە خەنەیەکەوە ووتی:ـ

ـ هوسێنی کەنیلە، هێشتا ماوی، مەقەمەنێکە کە هاتیت و چەند ئاهەنگێکت بە دەنگە خۆشەکەت بۆ گەرم کردین

کەنیلە دەستی لە بەردەم خۆیەوە گرتبوو، سەری ڕاوەشاند

ـ بەڵێ قوربان

بەگ، بەردەوام بوو

ـ ئەی بۆ گۆڕاویت، سمێڵت ماش و برنج بووە.

بەگ ڕووی کردە دانیشتوان، کە کوێخا لە نزیکییەوەو پیاوماقوڵانی شار، لەخوار مەلا و سەرکارەوە بەرامبەر کەنیلە و خولە دانیشتبوون، بەردەم چاوهەڵگلۆفینەوە ووتی:ـ

...ة الثقافة والإعلام

-(ناسیتیانەوە، ئەمە هوسێنی کەنیلەیە؟!.)

هەموو بە دەنگێکی (ڕاست ئەکەی قوربان) یان لێ بەرز بووەوە.

بەگەکە کەمێکی لە دەفتەرەن وورد بووەوە پرسی:

-(کەنیلە ئەی ئەم گەنجە کێیە، شێوەییم لێ نامۆیە؟.)

ڕاستی ئەکرد شێوەی (میر) زۆر لە باوکی ئەچوو، تەنیا ئەم بالآ بەرزو جوارشانەتر بوو، هوسێنی زۆر بە سانایی ووتی:

-(قوربان فێری ئاوازی تازە بووم، دەفتەرەنیش خۆشتری ئەکات، جا ئەم کوڕە حەڤتێکی گەڕەوە سێرە و تەکەم کەوتووە و ئەوە شەش مانگە بە دڵسۆزی لێیم جیا نەبووەتەوە ... چ شاباشێکیشمان لێ ببەخشرێ بەشی ئەکەین، زۆر کوڕێکی چاکی ولێ دەنگە و بەئابڕووە، بەلآم دەنگی ناخۆشە و بۆ گۆرانی ووتن ناشێت).

بانگی دا ... ((بەگە)) چوو دەست نوێژ بگرێت، ئەوەی نوێژی ئەکرد چ مامۆستاو چ سەرلەشکرو هەندێکی لە پیاوماقوڵان هەستان بە دوای دا. کە هاتنەوە دەلا پێش نوێژی کرد، پاش دانیشتنەوە فەرمانی دا نان بهێنن، مێزی نزمی خڕیان هێناو مێزێکیان لە بەردەم (بەگ) دانا و ئیتر هەر دوو کەسە و مێزێکیان بۆ دانا، شێوەکە هێنرا، مریشکی بە تەنووربرژاو، قوبلی بەترش، گۆشتاو، ماستاو، قاپی پڕ لە ڕووبە هەنار و ماست و هەنگوین. پاش نان خواردن گفت وگۆی زۆریان کرد. (بەگ) بەپیمانی زۆر ئاهەنگی خۆشی لە (کەنیلە) سەند. قلیانیان هێنا، (بەگ) ڕووی کردە سەرکار ووتی:

-(ئەمەوێت شوێنێکی باشیان بۆ ئامادە بکەن، سبەینێ ئاهەنگمان بۆ ئەگێڕن).

وپاشان ڕووی کردە ئەمان

-(ها بڵێ هوسێن، چیتان دی وچی لە بارەی ئەو لەشکرەی دوژمنەوە ئەزانن).

هوسێن خۆی ڕاست کردەوە، ووتی:

-(قوربان ڕۆژەڕێیەکێ لێرەوە ، لە دۆڵێکی فراوان دا ، لەشکرێکی بێ شومار ،
ڕەش ئەچێتەوە ، هۆبەیان لە هۆبە توندە ، ئەڵێی لەشکرێکی تازاو بێتەوون و هەر
دەیەکێ بڕۆن مامەڵەی چاکێ لەگەڵ خەڵکی دا ئەکەن)

بەگ، بە ئازارەوە پرسی

-(سەرداریان کێیە؟)

-(قوربان میر محمود ، ڕووی لە لای ئێوەیە ، جا نازانم مەبەستی
چییە ، بەڵام با ئەوەش بڵێم چاوەڕێی شتێکن و لەوانەیە تا ماوەیەکی تر نەچن).

-(چەکیان لە چی وایە؟)

-(قوربان زۆر چەکدارن و ڕێکوپێکن. هەموو چەتەوڵ و بازووبەندن)

بەگ بێ دەنگ بوو ، ڕواڵەتی دانیشتوان ، بۆڵە بۆڵیان تێ کەوت ، ووتی:

-(کوڕەکانم دەنگیان دابووە لە بەفرە زۆرەکەوە سوارەو پیادەیەکی
زۆر بەرەو گوندەکانی لای ڕۆژهەڵاتمان هاتوون ، خەڵکی لەبەریان هەڵاتوون ،
هەندێکیان تا خوێنیان نەڕژاوە بەریان بەرنەداون ، زۆریان لێ کوژراوە ، ئەوانیش
ژن و منداڵ و پیر ناکوژن ، دیلی لێ چەکێ ئەکەن و ئازادی ئەکەن ، ئەمەش
بە شتێکی سەیر مەزانن چونکە لەبەر چاکی ناوچەکانمان هەمیشە دوژمنان
هەوڵیان داوە بمان خەنە ژێر دەستەو عەیان کەنە دار دەستی خۆیان ، ئێستاش
لەشکرێکی بێ شومار هاتووەتە سەرمان ، ئەبێت چاکێ خۆمان لە شاردا توند بکەین.
تا دوا دڵۆپەی خوێنمان بەرگری لە زێدەکەمان و ژیان و خێزانەکانمان بکەین ،
دڵنیام لەوەی کە هەمیشە ئامادەن گیانتان بخەنە سەر لەپی دەستان لە پێناوی
سەربەستی و ئاسایش دا).

کوێخا هەستایە سەرپێ:

- قوربان گەر ئەوان تەڕووشکێ پێکەوە نەسووتێنن ، باشتر نییە ، ئێمەش

ئەم هەلە بە دەرفەت بزانین و تا لەشار نزیکن نەیەنەوە بەرەوڕوویان نەبینەوە ، بۆچی کوشتاری خۆڕایی مانی لێ بکرێت).

(بەگە) کەمێکی لێ دەنگ بوو ، سەرکار، لەجێی خۆیەوە ووتی:

- (قوربان گەر ئەوان تەڕووشکێ پێکەوە نەسووتێنن ، منیش هەر لەسەر بیروڕای کۆنیخام ، جارێ هەورە سوورە دوورە کەی نزیک بووەوە بەوپەڕی توانا و توندوتۆڵییەوە بەرەنگاریان ئەبینەوە).

وزارة الثقافة والاعلام

بەگەو سەرلەشکر کەمێکی سەریان کرد بەیەکدا و کەوتنە چپە. پاشان داوای ئاوی کرد ، پێش ئەوەی پەردەی پەنجەرەکەی لاسەریان لابدرێ و ئاوگێڕ سەربکێشێت بەگە ووتی:

- (کوڕینە ئەم کێشەیە شتێکی ئالۆزە ، سبەینێ ئەچووینە بۆ ئەبەستین و هەر لەم شوێنەدا ڕاوێژی لەسەر ئەکەین)

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو ئاو هێنرا و تەنیا یەکێ خزمەتکاریە جامولکە لە (بەگە)وە دەستی بە ئاوگێڕان کرد. دانیشتوان هەستان ، سەرکار و هوستێن و خولە پێکەوە چوونە دەرەوە ، سەرلەشکر بە (مەلا)ی ووت:

- (مامۆستا هێوربە بەگ ئێشی پێیە)

بەگە ، پاش ئەوەی قرتێکی لەقلیانەکەدا ووتی:

- (مەلا تۆ بەندەی خوا و منیش هەروا ، تۆ دڵسۆزی خەڵکەکەی ، منیش هەروا ، بەڵام تۆ باشتر ئەزانیت خوا چی لێ خۆشە و ئایا ئەڵێیت چی گەر هەر لەئێستاوە بەرەنگاریان ببینەوە. کوشتاری زۆر لە هەردوولا بکرێت ، خوێنی ئەو کوڕ ڕاوانە نایەتە ملی من)

مامۆستا کەمێکی خۆی قیت کردەوە ، قوڕگی پاک کردەوە و پاش بیسمیلا ووتی:

- (خوای گەورە فەرمانمان پێ ئەدات بۆ پاراستنی مافی ڕەوای خۆمان ،

چیمان لە توانادایە دریغی نەکەین، بەری دوژمنان بەو پەڕی تواناوە بگرین، بەڵام قوربانی منیش لەگەڵ کوێخاو سەرکاردام، لەبەر ئەوەی ئەوان دەست ئەپارێزن و جاری لە ئێمەوە دوورن یا پشت بە خوا ببەستین و ئارام بگرین).

(بەگ) کەوتە دەریای بیرکردنەوە «تۆ بڵێی بەڕاستی بن، ئەڵێی قسەیان کردووە بەیەکەوە، یان ئەترسن و ئەیانەوێت ئەم ئاگرە سوورە لە خۆیان دوور بخەنەوە. بەڵام من ئەزانم [میر محمود] چی ئەوێت، تۆڵەی باوکی ئەوێت... ئەیەوێت خەڵکەکەم لە خۆی نەورووژێنێت وە ئەمانیش ئەزانن، ئەو سەری منی چنگ بکەوێت، هیچی تری لەوان ناوێت... بەڵام بەو خوایەی گیانمی بەدەستە تا دەستێک بمێنێت و بتوانێت چەک هەڵبگرێت، نایەڵم بە ئاواتی خۆی بگات. ئەو هەموو خزمەتەی خەڵکەکەم کردووە، ئەبێت لە ڕۆژێکی وادا، چاکەکەم بدەنەوە، ئەبێت قوربانی بە هەموو شتێک بدەن و گیانیان بخەنە سەر دەست بۆ پایەداری من، بۆچ بەگێکی وا باش بووە بۆ گەلەکەی، باوکی هەموو هەتیو ولێ قەوماوێک بووم، دەستی هەموو بێدەستێک بووم..... بەڵام ڕاست ئەکەن، لەشکری ئەو هێشتا زۆر دوورەو بۆچی من لەشکری خۆم لە شار دوور بخەمەوە، دوور نیە گەر لەشکرو سەرلەشکر دوورکەوتنەوە، ناپاکەکانی شار پیلانێکم بۆ نەنێنەوە.

الثقافة والاعلام

## - ٤ -

-( قوربان ، تۆ بڵێیت بتوانین لە شتێک بگەین؟ ).

میر کڵاو و جامانەکەی داگرت و فڕێی دا سەرپێخەفی سەرچارپا دارینەکە ، ووتی

-( کەنیلە ، لەوە ناچێت بە زووی شتێکمان حاڵی بکەوێت ، بەڵام وا تێگەیشتم ، ئاڵۆزیان زۆرە و نایانەوێت خۆیان لە ئاگرەکەوە بتلێنن ، بەڵام لە بەرئەوەی کە وا دەرکەوت لێمان بێخەم بن ، دان بە خۆمان دا ئەگرین ، بەڵام پێم بڵێ دوێنێ ..).

تەپەی پێ یەکەمێک تا ئەهات ، نزیکتر ئەبووەوە ، لە دەرگا درا ، چەتەولێکی چەکدار خۆی کرد بە ژووردا ، سڵاوی کرد ؛

-کوڕینە خۆتان ئامادەکەن ، بەگە ناردی بە شوێنتان دا

دەف ژەن ساویلکانە ، بە کەمێک گەوجی یە ووتی ؛

- باشە ، فەرمانی (بەگ) ە.

کە دەرگاکەی داخستەوە ، دەنگی پێکەنینەکەیان بە دەنگی ئەو ناوەی شەق کرد

وزارة الثقافة والاعلام

-(قوربان ویستت چی لێ بفەرمووی؟)

-( ... لە پەنجەرەکەی بەرامبەرمانەوە ، کیژێکم دی ، لە ژیانم دا شتی وام نەدیوە ، چاوەکانی هێندە گەش و نیگای هێندە گەرم بوو ، لەو کاتەوە کە پەردەکەی دادایەوە و بزر بوو هەست ئەکەم شتێکم لێ بزر بووە و لە دوێنێ شەوەوە لەگەڵ خۆم دا لێکی ئەدەمەوە ، لەوە ئەچێت ئاشق نەبێت ، ووڵێ بیناسم ).

-(قوربان بە سەیری مەزانە کە ئەڵێم دوێ شەو ، لە خەودا هەستم ئەکرد کاتێکە هەر ئەم دیو و ئەو دیوت بووە ... من وام لێک دایەوە چێ سەرێت لێ گۆڕابێت و خەوت لێ نەکەوێت).

-( نەخێر کەنیلە تا دەرنگانێ ، خەو لە چاوم تۆرابوو ، چاوم ئەکردەوە تاریکی یەکە ، ئەشڵەقاو وێنەی ئەو کیژەم ئەهاتەوە بەرچاو ، چاوم ئەنوقاندەوە

زۆری نەبرد وەکو لە پارێزدا بێت بۆم ، ئەهاتە ناوچاوم ، نازانم کەی خەوم لێ کەوت ، خەونێکی سەیریشم دی (( لە قەدپاڵێکی سەوزەباردا بووم ، هەستم بە تینوێتی یەکی توند ئەکرد ، ئاوم لە خوارەوە دابوو ، چومەکەی جاران وشک بوو بوو ، باوکی خوالێخۆشبووم ، لە جەنگەڵەکەوە لێ پەیدا بوو ، ووتی کوڕم خێرە واتە نگاوی

- (ووتم : بابە ، گەرووم ووشکە ، زۆر تینوومە)

- (کوڕی خۆم هەر لەم ڕاستە بڕۆ ئەگەیتە تاقە کانی ، ئاوەکەی هێجگار سازگارە ، تێری لێ بخۆرەوە ، جێتی لێیە لەدەی پڕ بکە ، ئەم نەمامە بەڕەوشتە ئەدەمێ ، کە زاڵە کلۆرەکەت هەڵکێشا ونەمەت ڕواند لە ئاوی تاقەکانی ئاوی بدە).

ویستم لام دابنیشێت ، کەمێک ڕازوخواز بکەین ، وەک فریشتە وون بوو)).

- (خوا بەخێری بگێڕێت ، مەلا لێرە نییە ، بزانی چۆن لێکی ئەداتەوە ، بەڵام قوربان ئاو ڕووناکی یە ودەرکەوتنی فیری گەورەش ئەوپەڕی خێروچاکی یە).

میر ئەو جلانەی لەبەرکرد بەگ بە دیاری بۆی ناردبوون ، (هوسێن) یش تەواو خۆی کۆکردەوە ، کەوتنە ڕێ بەرەو ((دیوەخان)).

ژوورێکی درێژو پان ، لە لای ژوورەوە سەکۆیەکی تێدابوو ، دوو دۆشەکی و دوو سەرینی گەورەی پەڕی لەسەر دانرا بوو . ژوورەکە لبادڕێژ کرابوو ، لەم بەروئەو بەرەوە دۆشەکی تەنک ڕاخرابوو ، سەرلەشکرو سەرکار لای چەپی بەگەوە دانیشتبوون مەلاش لای ڕاستی یەوە ، میوانێکی یان هەبوو خەنجەرێکی دەبانی لەبەر پشتێن دا بوو تەزبیحێکی کارەباکی تێ ئاڵاند بوو . کە چوونە ژوورەوە سڵاویان کردو ڕێزیان بۆ بەگ نواند ، لە شوێنی دوێنێیان دانیشتن ، زۆری نەبرد نۆکەرێک بە ژووردا هات ، سینی یەکی فسی بەدەستەوە بوو ، چەند قاپێک گوێزو مێوژی لەسەر بوو

یەکێکیان بۆ (بەگ) ، ئیتر هەر دوو کەسەو قاپێکی بۆ دانان ، نۆکەرێکی تر پەسینییەکی
جامۆلەی پڕ لە ئاوەوە هات بە هەمان نەرێت بەسەر دانیشتوانی دا گێڕا.
نۆکەری سێ هەم جامێکی گەورەی دۆی هێناو لەبەردەم (بەگ) دانا و
هەمان نۆکەر چووە دەرەوەو گەڕایەوە جامێکی گەورەتر دۆی هێنا و لەپێشەوە
بۆ مامۆستا و پاشان بۆ سەرلەشکر و سەردار و پاشان بۆ میوانەکە و ئیتر بۆ
ئەوانی تری گێڕا ، هەبوو دۆ ساردەکەی ئەخواردەوە ، هەبوو نەی ئەخواردەوە ،
وادیار بوو زۆر ترش و کەسکون بێت ، بەفرێکی زۆری تێدا بوو ، فەریکە قەزوان
توێژی لەسەر بەستبوو ، زۆری ئەبرد هێشتا بە تەواوەتی دەست ئەبرا بوو بۆ
گوێز و مێوژەکە ، هاتن لایان برد . نۆکەری تر قاپ و قاپچاغێکی زۆری دارینەیان
هێنا و لەبەردەم دانیشتوانیان دانا و سینییەکی پڕ لە قاپە چێشتیان لەبەردەم
بەگ و مامۆستا و یەکێکی تر لەبەردەم میوانەکە و سەرلەشکر و سەرداریان دانا و
ئیتر هەر یەکە و قاپە چێشتێکیان لەبەردەم دانا ، گۆشتێکی زۆری سوورەوەکراو ،
برنجی سوور بە کشمیش و گوێز ، شلەی گۆشت جگە لەو سەوزەیەی لێرەولەوێ
دانرابوو . پاش خواردن ولابردنی نانەکە (بەگ) پاڵی دایەوە و لەگەڵ مامۆستادا
کەوتە دوان :

-(مامۆستا ، لە بارەی بابەتەکەوە ووتنان چی ودوا قسەتان چی یە؟
مامۆستا کۆکەیەکی بۆ کرد و قورگی پاک کردەوە و لەسەر خۆ و بە دەنگی بەرز ،
هەر کەس گوێی لە دەنگی بووایە ، ئەیزانی کە تینی ئەداتە خۆی تا دەنگ بەرزتر
بکاتەوە ... وەک دەرئەکەوت ، مامۆستا بۆی هەبوو لە دیوەخان دا دەنگی لە دەنگی
بەگ بەرزتر بکاتەوە.

- ( وەک ووتمان ئایینی پیرۆزمان فەرمانی خۆ ئامادەکردن و بەرەنگاری
دەست درێژکەرانمان پێ ئەدات ، بەڵام تا ئێستا نازانین ڕێیان لە کوێ یە و

الثقافة والاعلام

کەی ئەجمن ، با خۆمان نەخەینە ئاگرێکەوە ، زیانێکی بێ هوودەمان لێ بکەوێت)
سەرکار ڕاست بووەوە و کەوتە سەر ئەژنۆ و لە سەر جێی دانیشت ووتی:
-(قوربان هەموو دەنگ و هەواڵێکی ئاڵێت کە مێلێک لەو دیو دەربەندەوەن ،
دیارە ڕوویان لە شارە).
(بەگە) حەپەسابوو ، بە شێواوییەکی گێلانە ، چاوی بە ناو دانیشتوان دا ئەگێڕا
-(براینە شێوە دوا بڕیارتان چییە؟)
عەلبەغەلب کەوتە ناو خەڵکەکە ، سەرلەشکر هەستایە سەرپێ ووتی:
-(قوربان لە هەموو کارێک دا بیروڕای بەڕێزتان و مامۆستا لە پێشەوەیە
بڕیار بۆ جەنابتانە ، مادام ئایینی پیرۆزمان فەرمانمان پێ ئەدات بە هەموو
هێز و توانامانەوە دەستی زۆرداران ببڕین ، ئەو لەشکرە کە گوندەکانیان
وێرانکردووە ، گەیشتوونەتە ئەو دیو دەربەند ، تەنیا ڕێیان بەرەو ئێرەیە . گەر ڕێم
بدەی وا پێشنیار ئەکەم خۆمان ئامادە بکەین و زیاتر بە ئاگابین ، گەرچی
شۆرەسوارەکانمان ئامادە بوونیان ناوێ ، چاوی شەڕ و خوێنکێش و دەستی
پۆڵایینی ... بەڵام نابێت هەروا لێ بێ باک بین ، لەشکرەکەشیان نە ئەوەندە
دە ئەوەندە بێت ، گەر بیانەوێت نایەڵین هەنگاوێکی تر بێنە پێشەوە)
بەگ بێدەنگ بوو ، سەرلەشکر لە جێی خۆی دانیشتەوە ، دەنگی پشتگیری
کەوتە ناو دانیشتوانەوە ، پاش کەمێک بێدەنگی (بەگە) ووتی:
-(کەواتە با جارێ زیاتر لێی بکۆڵینەوە و پەلە نەکەین ،
(هوسەین) ، کوانێ ، بەزمێکمان بۆ گەرم بکەن).
بێدەنگی و دڵە ڕاوکێی دیوەخانەکە ڕەوییەوە ، هەرکەس لای خۆیەوە خۆی قیت
کردەوە ، هوسێن سەر و کڵاوەکەی ڕێک خست و بە دەنگە خۆشەکەی ، وەک قومری
کەوتە خوێندن ، خولەمش زۆر کارامانە ڕاوەدووی بەستەکە بوو بوو ، دەفەکەی

لەگەڵ زریکیخانات . ئاوازی (شیرین پەنجەرۆ) یان چەند جارێک لێ ووتنەوە . خولە
والەگەڵ ئاوازی (ئازیز بەهار)ەدا ئاوێتە بوو بوو ، خۆی لە بیر چوو بووەوە و
چاوی لەسەر پەنجەرەکەی بەرامبەری بوو ، کە فێڵێ شلەژا کە چەند جارێک لادرا و
هەمان کێژی دوێنێ دوو جار دەرکەوت . حەزی ئەکرد دوو بە دوو لەسەر وزەبارێکی
قەدپاڵێکدا بوونایە و لە بەهارەکەدا بتوانایەتەوە . لەم کاتانەدا واهەستی ئەکرد
هوشێنی بەهەم و کەم دەستی و ئەشکەنجەی ژیانی یەوە لە (مێری میران) بەختیار
تر بێت. هاودەمی هەڵبەستەی هەنسک و هەناسەی قوڵ و ئاوازی بە جۆش و
هەستی پەسەوی مرۆڤایەتی یە... لە هەموو میران بە دەسەڵاتتر بێت .

ئەم بەختیاری و هەژانە کە ئێستای ، هەموو بە هۆی ئاوازەکانی ـهوشێنـەوە
نیە ، خۆ ئەوە ئەو چوار ساڵە هەموو ساڵێ سەد جار پتر گوێی لە هەمان ئەم
ئاوازانە ئەبێتەوە ، بە دەنگی هەمان (کەنیلە) ، بەڵام بۆ وا ئەم جارە لە ناخەوە
جوڵاندی و والە ناخەوە هەژاندی . خەریک بوو ئاوات بخوازێت کە لە ڕاستیدا
دەقارەنی یاوەری هوشێنی بووایە ، خۆی بە کەوتنە حاڵی دەروێشان بەراورد
ئەکرد ، لەو بڕوایەدا بوو ، بیتوانیایە کاتی ئەمەیان و ئەی ئەهێشت چرکەیەک
لە کاتژمێری ڕۆژگارەوە بێت ...، هەستی ئەکرد کە خوێنی بە دەمارەکانی سەروملی دا
هوروژمی یانە ، جیهان لەبەرچاوی لەجاران ڕۆشنترە و زۆر سەرەنجی لەو تابلۆیە
دا لە سەر دیواری بەرامبەری کێشرابوو ، خۆن فەرهادی شێت و ژیر بە قوڵنگەکەیەوە
لە بەردەم شیرینی قەشەنگدا بە چۆکدا هاتووە ، مژدەی برینی بێستوونی ئەداتێ .

چەندان میر دێن و ئەچن ، کامیان وا بە نەمری لە دیوەخانان و دڵ و دەروونی
خەڵکدا ئەمێنێتەوە ، کە هێکیان نەبێ زیندوون و لەبەر زۆرچاکی یان بەدکاریان
نامرن ، دەنا گسکی مێژوو زۆر زوو پاشماوەشیان ئەسڕێتەوە ، بەڵام فەرهادی
قوربانی دەرهەتا دڵ لە لێدان دابێت و خوێن ببزوێت و زمان بجوڵێت ، لە دڵ و

نامی خەڵکی دا زیندووە و بەیت و باڵۆرەی پیادا هەڵ ئەدرێت ، خەڵکی بەرێزەوە
بە نموونەی قوربانی و دڵسۆزی ئەیهێننەوە ، ئەبێت فەرهاد هۆی نەمری شیرین
بێت یان شیرین هۆی زیندووی فەرهادە ، یان هەردووک هەڵگری پەیامی
قووڵترین هەست و راز و خوازی مرۆڤن . تۆ بڵێیت لەسەردەمی چ میرێک دا
بووبن ، کێ وەڵامم باتەوە ، نە من و نە کەس لەوانەیە ناوی ، تەنیا ناوی ئەو میرە
نەزانین ، بەڵام لەگەڵ هەموو خورپەیەکی دڵی شیرین دا دڵمان دا ئەخورپێت و لەگەڵ
زرنگەی هەموو قوڵنگێکی فەرهاد دا پتر پێشکمان بە زێدەکەمان دا رۆ ئەچێت .

وزارة الثقافة والاعلام

(هوستێ) لەبەر گەرمی و خۆشباڵی خۆی باش ئاگای لە (خولە) نەمابوو ، بەڵام
جارجارە سەرەنجی لە پەنجەرە ئەدا تا بزانێت ئەو شۆخەکچیە وای لە میری
کردووە باسی ئافرەت بکات ، ئەمەش سەیر بوو ، نەک سەیر بوو ، بەڵکو ئەوەتی
میری ناسیوە و لەدەمێک دا هێشتا فری گەورە مابوو ، گەرچی سەردەستەی
کورانی وڵاتەکە بوو ، بەڵام کەس نەی ئەووت ئەویش لە گۆشت و خوێن دروست کرابێت .
وایان ئەزانی لە پۆڵا یان شتێکی رەقتر دروست کراوە ... وا ئێستاش دەستەوسانی
جوانی ی جوانێکە ، (هوستێ) ش جوانی ی دی ، بەڵام ئاگرێکی لە ناخ دا کردەوە
[خۆ ئەوە خاتوو (خاوەر) ە . بە راستی چاک تێکەوتین ، ئێستا چۆن ئەم بارە راست بکەینەوە
ئەبێت تا شەیدای نەبووە و نەبووە بە خەون و ئەندێشەی ، بە (میر) بڵێم ئەوە دۆتەی
دۆژمنە خوێنێکەیەتی ... گەر بکەونە داوی یەک ، کار لە کار ئەترازێت ، خوایە ئەوسا چی
بکەین !... بە راستی تەلەزگەیەکی ئاڵۆزە ... ئێمە هاتووین داوای سەری باوکی ئەکەین
یان دڵی خاتوون ] .

گەر هوستێ لەم پیشەیەدا کارامە نەبووایە ، هەرزوو بە زم و رەزمەکەیان سارد
ئەبووەوە ، ئەو بەو جۆرە لە بیرکردنەوە دابێت ، چۆن ئاوازی بۆ ئەووترێت ، بەڵام وەک
ئەڵێن ئاواز و بەستەکان تێکەڵ بە خوێنی بوون و لێی ولیست و ئاگا لەسەر زمانی رێچکە ئەبەستن .

(باشتر وایە پێی بڵێم ، با گوێمەکە قوڵتر نەبێت ، بەڵام ئێستا پێی بڵێم ، دوور نییە بە جۆرێک بشڵەژێت ، ئاشکرامان بکات... با بگەڕێینەوە لای خۆمان... ئەوسا بە وردی تێی ئەگەیەنم... بەڵام کێ ئەڵێت ئەو خاتوونە حەپەسەتە؟ ، کێ ئەڵێت ئەوکیژەیە دوێنێ ئەو شەیدای بووە ، باشتر وایە کە نیلە ئارام بگرێت... تۆکەی وا هەڵەشە بوویت ، ئەبێت پیاو بێت پیاو... شتێک وەکە پەشیمانی لە دوا بێت ، ئەشێت بە هەڵە دڵی میرت بڕەنجێنێت).

گەرچی زۆریان پرسی بەڵام گەر (بەگ) خەوی نەهاتایە و دەم خۆشی و دەست خۆشی لێ نەکردنایە... چەندە بەردەوام بوونایە ، نەماندوو ئەبوون ، نە هەستیان بە هەنگاوی کات ئەکرد ، کە گەڕانەوە ژوورەکەیان و پاسەوانەکە گەڕایەوە ، هوسێن واخۆی دەرئەخست کە ماندووە نەک شتێکی لە دەم دەرچێت و پەشیمانی لە دوا بێت. بەڵام (میر) گەرچی ماندوو بوو ، بەڵام وا دیار بوو ئەروونی قوڵپ ئەدات و ووشەکان لە گەرووی دا بۆر بۆرێنیانە؛

-[ کە نیلە دەمت خۆش بێت ، بەڕاستی ئێستا زانیم کە ئێمە چەند بەختەوەرین کە خۆشخوانێکی وەک تۆمان لە ناودایە. بەڵام سەیرە ، ئەوە چەندە من گوێم لە (ئازیز بەهارە) بووە ، بەڵام ئەفسەوو وام ئەزانی کە یەکەم جارە لە زارت ئەبیستم).

هوسێن شاد و غەمگین بوو ، شاد بوو بەم ستایشەی میر و غەمگینی ئەوە بوو کە ئەیزانی قسەکانی میر نیشانەی چییە و بەرەو چی یان ئەبات ، بەڵام لە گەڵ خۆی دا بڕیاری دا کە خۆی لە بابەتەکە بدزێتەوە ، بەڵکو تا بەیانی ، شتێکی بۆ روون ببێتەوە

-(قوربان تۆش زۆر ماندووی)

-(گەرچی کارەکەت ماندوویی تێدایە ، بەڵام تا بڵێی خۆشە ، دەف ژەنیش خۆشە)

هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین ، سەروکڵاو و جامانەکەی داگرت و پشتێنەکەی

الثقافة والاعلام

کردەوە ، (هوسێن) پاش ئەو لەسەر پێنجەرەکەی لەسەر پشت ڕاکشا. هەردوو لەپی دەستی خستە ژێر تەوقەسەری و بە بنمیچەی دارەڕاکەدا ئەبلەق بوو!

- (هوسێن)

- (بەڵێ مریەم)

- (خەوتی؟)

- (نەخێر قوربان ، هێشتا نەدام)

- (هوسێن ، ئەمڕۆ دیسان دیمەوە ، ئەزانیت یەکەم جارە هەست ئەکەم ، فیش وەکو تۆ و وەکو هەموو ئەردوو هیکلی تر ئەشێت دڵم هەبێت ، وام ئەزانی ژەنگی ڕۆژگار دڵی مراندووم ، پیری کردووم ، بەڵام هێشتا لە سینەم دا تەپەی دێت ، بگرە داش ئەخورپێت]-

- (چۆن قوربان؟)

- (نازانم کەنیلە ، بەڵام گەر لەم کارەم بووەوە ، ئەبێت سۆراخی ئەو کیژە بکەم ، بیدۆزمەوە)

کەوتە بیرکردنەوە (( کە تۆڵەی باوکم کردەوە ، بیرێک لە خۆم ئەکەمەوە ، باوە جامخم کوێر نەبێتەوە ... هەموو هەوڵ و بەزری و تۆڵە و بگرە ژیان خۆی بۆچی یە؟ ، گەر مرۆڤێک نەتوانێت ئەوپەڕیە بگەیەنێتە ئێلاخ کە یەزدان و ژیان پێی ئەسپێرێت؟))

- (ئەڵێم کەنیلە ، تۆ هێشتا ئافتاوت خۆش ئەوێت؟)

هوسێن وەکو ئاوێنکی ساردی بکەی بە سەردا ، خەوی لە چاو بڕەوێتەوە ، ڕاست بووەوە گەر تاریک نەبووایە ، بزەیەکت ئەدی دەم و چاوە پانەکەی ڕۆشن ئەکردەوە!

-( قوربان ، هەموو بوونم بە (ئافتاو)ەوە بەندە ، کە ئێستا لێی دوورم کارەکەم نەبووایە ، ئارامم نەئەگرت ... ئافتاو... سەرچاوەی هەموو ئاوازەکانمە ، نالرێت بیسوێنم دەنالە دڵی خۆم دا لە جیاتی (شیرین ڕەنجەڕۆ) ئەڵێم (ئافتاو ڕەنجەڕۆ) و

يسمح

لەجیاتی (ئاژنیر بەهارە) ئەڵێم (ئافتاو بەهارە)، قوربان تەنیا کە ئافتاوم دی، زانیم
من چیم لە ژیان ئەوێت؟ ، ئەبێت من لەوەدا هەڵەبم بەڵام وا هەست ئەکەم کە تەنیا
شتێکە بە ژیانەوە ببەستێتەوە، قوربان شا بێت و گەدا بێت، ناخی خۆت
سەرچاوەی شادی و بەختیاری یان غەم و سوگوارە... پاسە ئەشێت من تا ئاستێک
خۆم بەم شتانە لە خشتە بەرم بەڵام لە وکاتەوە کە بە (ئافتاو) گەیشتووم و بە
ئاسودەیی لە سایەی ئێوەدا ئەژیم، هەست ئەکەم بۆ شتێک ئەژیم).

فیر گوێی لە (کەنیلە) بوو بەڵام لەزێندەخەوی ئەوکاتەدا بوو، کە بە سەرکەوتووی
ئەچنە شارەوە و فەرمان ئەدات کە سۆراحی ئەم کیژەی بۆ بکەن. کە(هوسێنی) پرخەی
(فیر)ی بیست هەستا جامەکەی پێدا دا و خۆی خستەوە ناو جێگەکەی و هێمنی
وخامۆشی لە باوەشی گرت.

وزارة الثقافة والاعلام

چێشتەنگاو بوو، فیر بێدار بووەوە، هێشتا (هوسێنی) لەشیرینخەودا بوو.
حەزی ئەکرد بێداری بکاتەوە، خۆی کۆکردەوە و دەرگاکەی کردەوە، بەرامبەر چیا
سەختەکە وەستا، کە چەند ڕۆژێک لەوەوبەر هاتنە سەری بۆ پشکنینی ڕێ و شوێنەکانی
شار، لە فەرشێکی سەوزی کاڵ ئەچوو، گوڵی تاریکی تێدا چێنرا بێت.... نەرمەبایەک
لە ڕۆژئاواوە ئەهات، هەستێکی خۆشی پێ بەخشی، هەستێکی سەیر بوو، بوونی گرتبووەوە
وا هەستی ئەکرد یەکەجارە سەوزی چیا ببینێت و هەست بە شنەبا بکات.

گەڕایەوە ژوورەکە، دەرگاکەی پێوە نەدایەوە... چووە سەر جێگەکەی، دەفەکەی
گرت بە دەستەوە... هوسێنی ڕاپەڕی و بەیانی خۆشی لێ کردو کە دی ئەم پۆشتەیەوە
هەسێنی و جامەکەی هێنایە بەردەمی (فیر) دەم و چاو بشوات

-(فیرم وادیارە ئەمشەو بە جێگاکەت ڕاهاتبێت؟، خەوێکی چاکتان کرد)

-(خەو بردمیەوە، بیرم لە قسەکانی تۆ ئەکردەوە، نەمزانی کەی
خەوم لێ کەوت، بەڵام هەمان خەوم بینیەوە)

-(خوا حەزکات مژدەی باشەو خۆشی یە)

زۆری نەبرد، پاسەوانەکە هات بۆ لایان، ئەی گەیاندن، کە (بەگ) بانگیان ئەکات بۆ (دلیوەخان).

[stamp]

- ٥ -

کە گەیشتنە دیوەخان ، هەمان پیاو ماقوڵانی دوێنێی لێ بوو ، بەڵام (بەگ) چوو بوو بۆ ئەندەروونی ژنان. هەر کە هەستی بە دڵتەنگی یەک بکردایە ، ئەچووە ئەندەروونی ژنان بۆ لای کچەکەی ، ئەڵێن پەنجەیەکی بە هەموو گەنجینەی گۆی زەوی ناگۆڕێتەوە ، لێی ناگیرێت وا بێت چونکە جگە لەوەی هەقدە ساڵە بە (هەنگوین وشیر) گۆشی ئەکات ، تەنیا داوە بە یادگارەکانی ڕابردووی دایکی یەوە ببەستێتەوە ، جگە لەوەی تاقانەیە ، شێوەی زۆر لە دایکی ئەچێت ، لە هەموو بۆنەوەیەکی بینێک دا ، کە ئەچێتە ئەندەروونی ژنان باسی دایکی و خۆشەویستی یەکەی بۆ (خاوەر) ی ئەکات ، تا وای لێ هاتووە ، بە تەریبایە[illegible]کی بە یانیان ڕابچلەکێ و هەموو ساتێک لەو زینەخەوەدا بێت ، شۆڕە سوارێ بێت و بیخاتە پشتی زینی ئەسپەکەی و بیفڕێنێت ... ژیان لای خاوەر بووبوو بە خۆشەویستی و خۆشەویستیش سەرکێشی یە. هەر لای باوکی وا خۆشەویست نەبوو ، بەڵکو هەموو ئەوانەی ئەیان ناسی یان دیبوویان خۆشیان ئەویست ، چۆن خۆشیان نەوێت ، زۆر منداڵی لە هەتیوی ڕزگار ئەکرد و دەستی لێ دەستان و خەمخواری بێ کەسان بوو ، لە نەورۆز و جەژنی دروێنە و جەژنە ئایینی یەکان دا ئەچووە ناو خەڵکە ڕەشوکی یەکەی گەلەکەیەوە و جەژنانەی بە سەردا ئەبەخشینەوە.

بەگ زۆر جار هەستی نەئەکرد کوڕی نی یە و بەگایەتی یەکەی ئەپوکێتەوە ، بەڵکو (خاوەر) بەم کارانەی جێی کوڕ و وەچەی بۆ گرتبووەوە. هەر جارەی کە (بەگ) ئافەرینی (خاوەر) ی ئەکرد ، ئەویش بە شەرمێکەوە ئەیووت:

- ( باوکە گیان ... ئەوەی من ئەیکەم دڵۆپێک نی یە لە دەریای پیاوەتی و لێبوردن و چاکەی تۆ .... بۆ من شانازی نی یە بەڵکو ئەرکی سەرشانمە کە بچمەوە سەر ڕەچەڵەکی خۆم ، کورد ئاڵێت « گیا لە سەر بنجی خۆی ئەڕوێتەوە » ).

باوکە گیان من بەختیارترین مرۆڤم کە خوا باوکێکی بێ خەوش و چاکی وەک تۆی داومەتێ خوا هەر بت هێڵێت بۆمن و بۆ گەلە پەسەنەکەت)

وەنەبێ مرۆڤ فریشتە بێت، بێ گەرد و بێ خەوش بێت، مرۆڤ نییە هەڵەی نەبێت و پەنجەی پەشیمانی بۆ شتێک، بۆ کارێک نەگەزێت، ئەڵبەت (بەگ) یش فریشتە نییە، هەموو ترس و خورپەیەکی کە زۆر شەوی بێ خەو کردەوە ئەوە بوو کە ئەترسا، ڕۆژێک بێت (خاوەر) لە بەدکارێکەوە، بەشێک لە ڕابردووی فەرماندارییەکەی بزانێت و یان ناحەزێک شتێکی لەو بارەیەوە بدات بەگوێدا ئەوسا بەجۆرێک لەناخەوە بڕوخێنێت، هەموو خۆشەویستی و شانازییەکەی ئێستای بگۆڕێت بە ڕق و کینە و بێزلێکردنەوە، لەمەشدا بە هەڵەدا نەچووبوو، چونکە بەگ کە فریشتە نەبوو، دۆستی و دوژمنی هەبوو، بەتایبەتی لە کوڕی نەبوو زۆر کەس هەر لە ئێستاوە کەلێنیان بۆ لای بێکوڕی (بەگ) تیژ کردبووەوە، دوور نەبوو بکەونە نێوان باوک و کچەکەی، لەوەیان بکەن، نەی ئەتوانی ئەو ڕۆژە ببینێت، پێش چاوی خۆی کە (خاوەر)ی لێ ڕەنجێنن و بکەونە نێوانیان، چی بکات باشە، ئەبێ خۆی بکوژێت، یان لەوانەیە سەری خۆی هەڵبگرێت. جار جارە کە بەخۆیدا ئەچووەوە زۆر پەشیمان بوو ڕۆژێک بووە بۆ بستۆکە خاکێک، ئەم دوژمنایەتییە گەورەیە و ترسە مەزنەی بۆ خۆی دروست کردووە.

[illegible]

وزارة … والاعلام

هەر کە (بەگ) لە ئەندەروونی ژنان دا دەرکەوت، خاوەری کچی وەک منداڵ بەرەو ڕووی ئێی تەقاندو دەستی کردە ملی و کەوتە ئەم لاو ئەولا ماچ کردنی، ئەویش دەستی خستە کەمەری و ناو چەوانی ماچ کرد و شانی بەشانی یەک چوونە پشت دیوەخانەکە؛

- (کیژە جوانەکەم لەچی دای، چۆنی؟)

- (زۆر باشم بەسایەی خواو تۆوە ئازیزەوە، لەزووەوە ئەم دیوی، زۆر

بەپەرۆش بووم بۆتان).

-(کچی خۆم چی بکەم؟... بوارم هێچگار کەوە و هەر دەمەی هەواڵێکم بۆ دێنن.
ناهەوێ خەفەتت بدەمێ، بەلام لەشکرێکی بێ شومار و درندە لەڕێدایە بەرەو
شار، خوا یارمەتیمان بدات. تائێستا چییان هاتبێتە بەر ویرانیان کردووە و
ڕاکردووی گوندەکان هەمووی ڕوو لەشارن، بەلام گەرچی لە نیازی ئەو (میر)ە
دڵنیام، بەلام نامەوێت بەخۆڕایی خۆمان دووچاری جەنگ بکەین، بەلام گەر هەر
سووربن لەسەر نیازی بەدیان وا ناچار ئەبین بەرەنگاریان ببینەوە].

-(تاکوێ هاتوون؟)

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، دەستی خستەوە سەر شانی کچەکەی

-(کچی خۆم، گوێ بەم شتانە مەدە، گەرچی تۆش وەک پیاوی بەلام
ئەمە کاری پیاوانە).

(خاوەر) ئەی ویست زیاتر باوکی بدوێنێ وبەم هاتنەی زۆر شادبوو،

-(ئەی چیتان کردووە باوکە؟)

-(دەربەندمان تەنیوە، چەند مەنجەنیقێکمان لەسەر داناوە، چەکدارێکی
باشیش پاسی ئەکەن، نە پیاو ونە باڵدار ناتوانێ بیپەڕێنەوە، تەنیا ئەو
گەڕۆک و بازرگانانە نەبێت پاش پشکنین دەروازەیان بۆ ئەکرێتەوە).

-(بەلام جارجارە دەنگی دەف وگۆرانی لەدیوەخانەوە دێت).

ناوچەوانی کرژ کرد، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا؛

-(ئەوە بیروڕای سوپادارە، نامانەوێ هەر لەئێستاوە خەڵکی بتۆقێنین و
بیان خەینە سەرکەڵکەڵەی جەنگەوە، ئەمانەوێت بەنەریتی باوو باپیرانمان دیوەخان
گەرم و لەسەر پشت بێت بۆ میوان).

(خاوەر) ئەوی ئەیویست، چی داوە بەسەر لەشکروجەنگەوە؛

-(قوربان دەنگی ئەو پیاوەم بیست، باوەڕناکەم خەڵکی لای خۆمان بێت).

-(ڕاست ئەکەی کچم، خەڵکی گەرمەسێرن، بۆ نان پەیداکردن، ڕێیان هێناوەتە ئێرە).

ئەمەی بە هەلزانی، هەلێکی باش بۆ خستێنێت، لەنزیکەوە (دەفژەن) ببینێت یان بدوێنێت.

-(باوکە گیان، گەر پێت باش بێت حەزئەکەم لەنزیکەوە گوێم لێیان بێت، ئەڵێیت چی بابە؟).

بۆ لێ دەنگە بوو، دەستی بە سمێڵی دا هێنا، چۆن ڕێ بدات دوو بێگانە بچنە ئەندەروونی ژنان و لەنزیکەوە دۆتەو دەستە خۆشکەکانی ببینن، بەلام (خاوەر) داوای ئەمەی لێ ئەکات، واکێچێ لەوتوتە ئەوێ، ئەڵێیت منداڵێکی گرۆلە؛

-(بابە گیان لەبەر منی، حەز ئەکەم)

بە وردی لێی ڕوانی، زەردەخەنەیەکی هاتە سەرلێوی

-(کچم، بەلام...)

دەستی کردە ملی باوکی و ئەملاولای ماچ کرد

-(بابە گیان لەبەر منی، بۆچی ناڵێی؟)

-(باشە کچم، بەلام تەنیا چەند گۆرانیەکی و دووبارەش نابێتەوە)

-(لە دەورت گەڕێم باوکە گیان، هەرزانیم دڵم ناشکێنیت)

باسی زۆرشتی تریان کرد، بەلام (خاوەر) پەلەی بوو، زوو تەنیا بێتەوە و خۆی بگەیەنێتە کەنیزەکەکەی، هەرکە باوکی گەڕایەوە دیوەخان، وەک چیدە منداڵێکی بەهەڵەداوان گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی و کەوتە هاوار، کەنیزەکەکەی بانگ ئەکرد؛

-(مەنیجە، کچی مەنیجە)

مەنیجەش بە [redacted] پەلە هات، ئافرەتێکی سی ساڵە نەبوو، فێڵ و زۆرزانی لە دەم وچاوی دا ئەخوێنرایەوە؛

-( فەرموو خاتوون)

دەستی خستە سەر ناوچەوانی خاتوون

-( خوا نەخواستە ناساغی ؟)

-( ناساغ ، هەرگیز ئەوەندە ساغ نەبووم ، مەنیجە ئەوەکەی وا ئەو پرچە جوانانەت هۆنیوەتەوە ، ئەمەوێت قژم بۆ بکەیت بە پرچ ، تاوەکو شانی قەرەجانم لێ بێت ، بیرت چووەتەوە کە پێت ئەووتم شانە قەرەجییەکان پرچی ئەستوور و درێژ بەرئەدەنەوە ، پێم ئەووت «مەنیجە» ئەم شەو خەوێکی سەیرم دی ، لە خەوم دا ).

مەنیجە قسەکەی لێ بڕی ( یاخوا خێر بێت )

-( وەکو ووتم لە خەودا بە تەنیا چوو بووم بە ڕاو ، ڕاوە کەروێشک ، تانجی یەکی پیرم لەگەڵ دا بوو ، گەیشتینە لای ( کانی کچان ) ، کەروێشکێک دەرپەڕی ، ( هەی هەی )م لە پیرە تانجی کرد ، دوای کەوت ، لە چاو وون بوو ، هەر چاوەڕوانم بوو لە شوێنێکەوە دەرکەوێت ، دەنگێکی بێت ... ئەسپەکەم حیلیکاندی و هەڵی تیزان و خستمیە خوارەوە مارێکی ڕەش ، مەنیجە لە پرچی تۆ ئەستوورتر بە لوشکە لوشک بەرەو ڕووم هات ، ویستم هەستمەوە ، نەمتوانی ، تا ئەهات لێم نزیکتر ئەبووەوە ، ئەمویست بقریشکێنم ، دەنگم دەرنەئەهات ، لە پڕ لە پشتمەوە شۆڕە سوارێکی زۆر قشت ، لە ئەسپەکەی دابەزی و بەرەو ڕووم هات ، ووتی کوا تانجی یەکەت ، حەپەسام ، ڕێی بەدووکەوتنەکەیم پیشاندا ، سوار بووەوە ، ووتم ئەی ئەم مارە شتێک لێ ناکەیت ، ووتی : مەترسە ، ئێستا دێمەوە ، زۆری نەبرد گەڕایەوە ، تانجی یە پیرەکەی بە تۆپاوی فڕێ دایە بەردەم مارەکە ، مارەکە ڕووی لێ کرد و لێی نیشت و ئەویش هات دەستی دایە باڵم و هەڵی ساندمەوە و خستمی یە پاش زینەکەی ، هاتین هاتین ، کە لە شار نزیک بووینەوە سەیری خۆم کرد ، دووگیانم ).

-( خوا بە خێری بگێڕێت خاتوونە ئازیزەکەم ، بەڵام نەت ئەزانی ئەو شۆڕە سوارە

کێ بوو ؟ ).

کەفێك لێ دەنگ بوو، « بەخوا هەر لە خۆی ئەچوو، تۆ بڵێیت بە ئەندێشەوە نەنووستبێم، هەر خۆی بە تێ ».

- ( بەڵێ ئەزانم کێ بوو، بەڵام پێ مەکەنە )

- ( کێ بوو بڵێ ؟ )

- ( تۆ بڵێ بزانم ئەزانیت ؟ )

- ( خاتوون من چوزانم، خۆ منتان لەگەڵ نەبووم )

وزارة الثقافة والاعلام

دایانە قاقای پێکەنین، مەینجە وەستایەوە، خاتوون هەر پێ ئەکەنی ؛

- ( مەینجە ئەزانی کێ بوو، خۆم پێت ئەڵێم ؟ )

- ( کێ بوو ؟ )

- ( دەف ژەنەکە )

- ( کام دەف ژەن ؟ )

- ( ئەوەی تازە هاتووە )

هەستایە سەر پێ، کەوتە یاری کردن بە پەنجەکانی

- ( ئەی پێم نەووتیت، دوێنێ کە گوێم لە دەنگی ئەو خۆشخوانەی دیوەخان بوو، هەستم بە شتێکی سەیر کرد، هەستام لێ وورتە، هاتمە بەر هەیوانەکە، کەمێك پەردەی پەنجەرەکەی دیوەخانم لادا، چاوم گێڕا باوکم لەسەر دۆشەکی سەر سەکۆکە پاڵی دابووەوە، کەمێك قاچی لێ ڕاکێشا بوو، لەگەڵ دەنگی دەف و شایەرەکەدا سەری ئەجوڵاند، بروسکەی شادیم لە چاوی دا ئەخوێندەوە، واهەستم کرد گەر پەردەکە بە یەکجاری لا بدەم کەس هەست ناکات، چاوم گێڕا تا شوێنی دەنگ و دەفەکەم دۆزیەوە. خۆشخوانەکە، پۆشتە و پەرداخ، تراش کردوو، جامانە و مشکی و دەسماڵی تێکەڵ کردبوو، وا دیار بوو هێندەی خۆشی دەنگی، دڵی تەڕە.

لای خوارووییەوە، دەفرەنەکە دانیشتبوو، گەنجێکی چوارشانە، پۆشتە و تراش، مووزەرد
چاوی گەش و گەورە لەگەڵ دەفەکەدا چاوی بە ژوورەکەدا ئەگێڕا، لێی وورد بوومەوە
کە چاومان بە یەکەدا تەقی یەوە، بە یەکەدا ئەیلەق بووین، هێزێکی سەیر نەی ئەهێشت
ڕووی لێ لادەم، هیچیم بۆ نەکرا، پەردەکەم دادایەوە، ئەبێت کێ بێت؟. ئەتووت
لەزووەوە ئەیناسم، زۆرم دیوە، بەڵام لەکوێ؟ ناوی خوای لێ بێت چەندە قۆز بوو...
لەلای پەردەکەدا وەستام، حەپەسابووم، بیرم شێوابوو، نازانم چۆن بوو، جارێکی
تر پەردەکەم لادایەوە، چاوم بە چاوی دا تەقی یەوە).

وزارة الثقافة والاعلام
يسمح

پەردەی پەنجەرەکەی لادا کە بەسەر باخچەکەدا ئەیڕوانی

- (مەنیجە وەرە سەیرکە)

کە مەنیجە هات، سەیری چی بکات، باخچەکە هەروەکو ڕۆژانە و هیچ شتێکی وای تێدا
نیە جێی سەر سوڕمانت بێت

- (سەیرکە ئەو باخچەیە چەند سەوز و جوانە، ئەو درەختە بەرزانە، چەند بە
دەماغن، گوێ بگرە، ئەو باڵندانە چەند بە سۆزەوە ئەخوێنن).

مەنیجە بە پەلە بەرەو دەرگاکە چوو

- (بۆ کوێ مەنیجە؟)

- (هەواڵ ئەدەم بە (بەگ) کە نەخۆشیت، پێم ناڵێی چیتە؟)

- (وەرە کچێ)

باڵی گرت و ڕایکێشایە سەر پێخەفەکەی

- (ڕاستە من نەخۆشم، بەڵام نە تام هەیە و نە دەرمانی لای حەکیم باشی یەوە
دەردەکەم دەرمانخە، وا هەست ئەکەم ... مەنیجە شەیدام، بەو خۆشەویستی یە
ئەپشکووم ..... ناتوانم یەک چاوترووکان لە دڵی خۆمی دەرکەم، وێنەی لەبەر چاوم وون نابێت).

- (کچێ - خاتوون - تۆ دەفرەنێکی نەناسراو، ئەمە چۆن خۆشەویستی یەکە

ئەبێت لە بار بچێت، دەنا ئەبێت بە هەتیوی گۆشی بکرێ و جوانی و لاوی خۆی لەسەر دابنێت).

- (ئەوە ئەڵێت چی مەنیجە، پێم بڵێ بەگزادەیەکی وەکو من لە چی کەمە؟ سامان و زەوی و زار، تاتانەی باوکم نیمە، چیم بوێت لەبەر دەستم دانیە، لە چیم کەمە؟، شۆڕەسواری خەونەکانم نەبێت... شەوانی ساردی زستانانم بۆ گەرم بکاتەوە و سەری پڕ لە ئەندێشەم بخەمە سەر سنگی گەرمی و هەست بکەم منیش وەک تۆ و هەزاران هەزار کچانی تری ئەم وڵاتە لە گۆشت و خوێنم و ئەشێت شاد بم و ڕقم هەستێت و ڕق و کینەم لە دڵدا دروست بێت و کێم ئەوێ خۆشم بوێت. دەفژەن ڕاستە نە(میر)ە و نە (بەگزادە) بەڵام ئەوە میرەیە دڵی منی ئەبەوێت و دەرگای بۆ ئەخاتە سەر پشت و کلیلی هەموو گەنجینەکانی دڵ و لاوێتیی پێ ئەبەخشم، من ئەمەوێت عەبدالله‌ێک بلاوێنێتەوە، لە شۆڕەسواری خەونەکانم بێت، خۆت بۆت نەگێڕاومەوە، هەموو شیرین و فەرهاد، لەیل و مەجنون، مەم و زین... کێ و کێ بوون، خۆشەویستی گوا شتێ وا ئەزانێت، ئەڵێن خۆشەویستی کوێرە، بەڵام نا ئێمە کوێرین بۆ چەند شتێکی ڕووکار، چاوی خۆمان لە هەست و سۆزمان ئەنووقێنین و چاوی دڵ و ناخمان کوێر ئەکەین. گەرچی نایناسم، بەڵام وا چۆتە دڵمەوە هەزارێک جار هەست ئەکەم لە وکاتەوە هەم کە ئەوم دیوە.

مەنیجە هەستایە سەرپێ و لەگەڵ هات و چۆکردندا کەوتە لێکدانەوە، گەرچی کچەکەی بە هەڵە نەئەزانی. بەڵام لە چارەسەرەکەی ئەترسا،

-(مەنیجە)

-(فەرموو خاتوون)

-(ئەمڕۆ باوکم هات، پێم وت و داوام لێ کرد، ڕێگا بدات خۆشخوان و دەفژەنەکەی هەڵگێڕانی بۆ بگێڕن، بە عادی دامێ وگەڕایەوە دیوەخان.

* * *

دیوەخان وەک ئەم چەند ڕۆژەی دوایی ، جمەی ئەهات
جار جارە وورتەو ورتێک تەنگی بە لێ دەنگی یەکە هەڵ ئەچنی. (بەگ) غەمگین و
مەلول دیار بوو ، کەم ئەدوا ، بەڵام بە ووردی گوێی بۆ پیاوماقوڵانی شار ئەگرت ،
زۆر نەبوو مەلا و بەگ و سەرکار لە نوێژی خەوتنان بوو بوونەوە ، قاوەیان
هێنا ، خورایەوە ، ووردە ووردە یەک یەک و دوو دوو دیوەخانیان چۆڵ کرد.

کە (هوسێن و خولە) هەستان بڕۆن ، بەگ پێی ووتن

- (کوڕینە ، سبەینێ لە ئەندەروونی ژنان ، ئاهەنگێکی پێک و پێکم ئەوێت
بۆ خاتوون و دەستە خوشکەکانی ، ڕووم سوورکەن ، پاداشتێکی چاکتان ئەکەم).

- (قوربان هێشتا بەگەورەم و خوا حەزبکات ، ڕوومان هەر سوورە ،
ئێمەش دەرێغی ناکەین)

وزارة الثقافة والإعلام

حاڵئاوایی یان کرد و پاسەوانەکە تا ژوورەکە ڕەوانەی کردن ، کە چوونە ژوورەوە ،
هوسێن خۆشی یەکی سەیری لە ڕوودا ئەخوێنرایەوە ، لە (خولە) وورد بووەوە ، تا
ناخی بخوێنێتەوە ، (میر) یش بزەی سمێڵی ئەهات

- (کە نیلە ، کارمان لە ڕاستی یە).

- (بەڵێ قوربان ، حەزکە خۆمان لە بیر ئەکەین ، تۆڵە نەبێت بە شالی؟).

دایانە قاقای پێکەنین . تاس بردی یەوە ، ڕاستە خستی یە پێکەنین ، بەڵام بە ڕاستی
داماوە ، نازانێت چی بکات ، حەزی ئەکرد ، زوو شەوەکە لە ئامێزی خۆی بگرێت.
ئەڵێن هێمنی و تاریکی شەو ئاولەمەن. لەگەڵ تاریکی دا قەبارەی شتەکان گەورە ئەبێ و
خۆشی و ناخۆشی ئەئاوسێن. ناخۆشی توندتر دڵ ئەگوشێت و خۆشی دڵ ئەخاتە خورپەو
خرۆش و هەست و دەروون لە تاریکی و هێمنی شەودا ئەتوێنەوە. خۆشەویستی والە مرۆڤ
ئەکات و بە شێوەیەک ئەی هەژێنێت ، وەک شتێکی لێ وون بوو بێت ، ئارامی لێ هەڵ ئەگرێت،
ئارام ناگرێت ، تا لە خۆشەویستەکەی نزیک نەبێتەوە و نەکەوێتەوە داوی ، لەکەوتەوە داوی

هەست بە سەرفرازی و ئازادی یەکی ئەکات و وا بزانێت مرۆڤێکی ئەفسانەیی یە و توانای
بە زۆر شت ئەشکێ کە خەڵکی تر پێی ناوێرن ... لە سەر ئەندێشە ئەژی و لە ناو خەڵکی دا
هەست بە نامۆیی ئەکات و ناتوانێت بیری خۆی کۆ بکاتەوە و جڵەوی ئەندێشە بگرێت ،
هەر لەبەر ئەوەیە گۆشەگیرە و دۆش دائەمێنێت وا لە زیندەخەوی سەوزی بەهاری خۆی دا
بژی ... هەوێنی هەستی بووە ئەکرد (خولە) حەزی بە گۆشەگیری ئەکرد و لە ناو خەڵکی دا
وەکو شتێکی لێ بزر بووبێت ، چاوی پڕ ئەبوو لە پرسیاری لاڵ و گرۆڵ ،

(فیر) ئیش بیری لە خۆی ئەکردەوە چۆن کەوتە داوی خۆشەویستی یەوە ؟ ئەو بۆچی
هات ، چی هات بە پیری یەوە ، خۆشەویستی ئارمانی یەکی ترسناکە ، هەردەم خۆی
بەلاس داوە و لە چەپۆردایە ، جار جارە سەرەتاتکێ ئەکات مەگەر نەیزانیایە (خولە
خۆی ئەیزانی چەند ساڵێکە تینووی خۆشەویستی ئافرەتێکە. تا ئەم ئەوەندە بە بیری و
تۆڵە سەندنەوەوە خەریک بووە، سەرەتای یەکەی خودی خۆی لە بیر بردۆتەوە. بەڵام
گەر ئەم ئەرکەشی هێنایە جێ ، تۆڵەی سەندەوە ، چ شتێک ئەم بۆشایی یەی بۆ پڕ
بکاتەوە ، کێ شەو نخونی لەگەڵدا بکێشێت و کێ ناوی هەڵگرێت ، تا میری یەکەیان
کوێر ئەبێتەوە .

# -٦-

پێش ئەوەی چەتەوڵەکە لە دەرگا بدات ، ئەمان ئامادە بوون ، (خولە)
بەلەی دیتنی دڵخوازەکەی بوو ، هوستێی دوودڵی (میر) بوو چۆن ئەمڕۆ پتر ئەکەوێتە داوی
(خاوەر) ەوە و گۆمەکەی بۆ قووڵتر ئەبێت .

کە گەیشتنە دیوەخان ، (پەلکێ) بە پەلەڕاوکێ و ئەم سەرو ئەوسەرکردنەوە
چاوەڕێی ئەکردن ، وەک پەیوێت زوو بەڵێنەکەی بۆ کچەکەی بباتە سەر و لەم بارە
قورسەی سەرسنگی ڕزگار بێت . خۆش هاتنی کردن و پێشیان کەوت بۆ
ئەندەروونی ژنان ، سێ قۆڵی لێ ئەوەی وورتەیەکیان لە دەم بێتە دەر ، ڕێیان
ئەکرد ، پەکێ ، مەینجەی بانگ کرد ، میوانەکانی پێ سپاردن و خۆی گەڕایەوە
دیوەخان .

مەینجە لەسەر لایەکی سەکۆی بەر پەنجەرەی ژوورەکەی (خاتوون) ، شوێنی
بۆ چاکردبوون ، دای نیشاندن ، چوو هەواڵ بدات بە بەگزادە ، پاش کەمێک
دەستەکچێک وەک نێرگزە جاڕو گوڵالە سوورەی بەهار هاتن ، خاوەر
کەکراسێکی سەرداماڵی پەمەیی و کەوایەکی تەسکی سووری لەبەردابوو ، ئەگریجە
هەنگوینییەکانی لەژێر کڵاو زەڕەکەیەوە ، بوو بوونە چوارچێوەی دەم و چاوە
پانەکەی ، دەم بچکۆلە و لێو پڕوئاڵ ، کوڵمەکانی وەک ئەرخەوانی نێو بەهارێ
گەش و گوپن و کەمێک چە ناگەی ناوچاڵ ، گەردنی وەک بەژن و باڵای بەرز و
لووتی قووت و ڕێک ، چاوە گەورەو کاڵەکانی ئەبریسکانەوە ، دەم و چاوی بە بزەیەکی و
سووکە شەرمێک ئاڵ بوو بووەوە ، لەسەر ئەم لای سەکۆکە دانیشتن و
چاوی لە (خولە) بڕی ، کە پێی دائەبلەق بوو بوو .

کیژان لەگەڵ ئاوازەکاندا ئاڵوودە بوون ، (هوسێن) بە ئاوازی (ئازیز ئازیز) هەمووی مەستکردبوون ، جارجارە (خولە) هەڵەی ئەکرد وکچ لەگەڵ ئەیاندا یە قاقای پێکەنین ، (خاوەر) نەبێت ئاگای لەکەس نەمابوو ، بەچاو لەگەڵ (میر)دا ئەدوان « تۆ نەبووی ، شەوهاتییە خەوم و خستتە پاش زینەکەت؟» . میریش بێ ئەوەی پرسیارە لاڵەکەی چاوی دڵخوازەکەی وەڵام بداتەوە ئەیپرسی « چی بوو وای لێ کردم بکەومە داوت ... گەرچی لە جوانی دا پەری و فریشتەی ناو ئەفسانە بە تۆزی پێت دا ناگەن ، بەڵام بە تەنیا جوانیت بەم جۆرە گیرۆدەی نەکردووم ، خەمێکی هێجگار قووڵ لە چاوت دا ئەخوێنمەوە ، ئەو چاوە نەرمانەت بە غەمێکی قورسەوە گریاون ، وا هێندە گەشن ، بڕوا بکە لەو کاتەوە دیومی چاوترووکانێک لە بەرچاو و ناخ و یادم دا ئاوا نابیت» . « تۆ بڵێی لە ناخم بگەی ئەی میری میرانی دڵم ، ئایا هەست بە حەز و پەرۆشیم ئەکەیت ؟ ... ئەی تۆ بۆ ناچریکێنیت ، هەستت دەرناخەی ، ناوی خوا لەو بەژن و باڵایەت بێت خوا نەخواستە لاڵ نیت؟» .

مەنیجە چاوێکی لە (خاوەر) بوو لەدڵی خۆی دا ئەیووت « ئەم کچە شەرم و شوورەیی لێ هەڵگیراوە ، وا بڕوات ناوی ئەکەوێتە وڵاتان ، سەیرکە چۆن خۆی لەبیر چۆتەوە ، ئەڵێیت لە خەون دایە ، هەر ئەوەی ماوە خۆی هاوێژێتە ئامێزی » .

(هوسێن) کە لە (میر)ی ئەڕوانی خەمی خەستتر ئەبووەوە ، کە (خاوەر)یشی بەو جۆرە دی ، وێنەکەی دیوەخانی هاتەوە بەرچاو ، کەچۆن فەرهاد بە قوڵنگەکەیەوە لەبەردەم شیرینی شۆخ دا بە چۆک دا هاتووە . (میر)یش بە دەفەکەیەوە لەبەردەم خاوەری فەرۆخ لیقادا دۆش داماوە ، بە چاوان ڕاز و نیازی دڵ ئەکەن ، خاوەر لەدڵی خۆی دا ئەیووت « زۆرم لەدڵدایە پێت بڵێم ، دڵمت بۆ بکەمەوە ، لەو

کاتەوە تۆم دیوە، بوونت مانایەکی بە ژیانم بەخشیوە، کە بیرت لێ ئەکەمەوە ئەزوویەک بە سەراپای لەشم دادێت، دڵم ئەگوشرێت... تۆ بڵێیت لێم تێ بگەیت، یان هەمان هەست دای گرتبێت، بە چاو تێدا دیارە، تۆش وەک من گرفتاری». میر وەک چاوی دڵخوازەکەی بخوێنێتەوە، لەگەڵ هەنسکێ دا لەدڵی خۆی دا ئەیووت «وا دڵ و بوونمت داگیر کردووە هەموو ساتێک لە بەرچاوو دڵم دای... بوویت بە سۆمای چاوەکانم، کە غەمبارم ئەزانم غەمباری تۆیە دای گرتووم. کە ئازارێکی بێت دڵنیابە لە منیش رایە...... هیچ کەس بگرە خۆشم لەو باوەڕەدا نەبووم کە ئافرەتێک، بگرە چەند جوان بێت بتوانێت وا شەیدام کات..... گەرچی تاناخ و مۆخی ئێسقانم شەیدانم بەڵام بەگزادە لەوە ئەچێت دواجار بێت یەک ببینن، چونکە نالوێت بۆ یەک ببین. ئاگرو ئاوکەی دۆستایەتیان بووە، ئەبێت شینی ئەم حەزە جوانەمەرگەم بە نهێنی لەدڵی خۆم دا بکەم» چاوی لە چاوی خاوەر داگرت و هەوڵی ئەدا لێی دا نەڕوانێت، بەڵام کە (خاوەر) هەستی بەم گۆڕینە کرد لە (خوله) دا ئاگری تێ بەربوو، «کزەی دڵەکەم، گیرۆدەی دێوی چ غەمێکی، هەست ئەکەم تۆی مانات داوە بە ژیانم، بۆ سەرهەڵ نابڕیت» کە (خوله) سەری داخست و هەڵی نەبڕیەوە، ئەم وا شێوابوو، ئەیویست بیدوێنێت، تورەی بکات، هەرچی یەک بکات، وای لێ بکات دەرگای ڕووگەی چاوودڵی بۆ بکاتەوە، بەڵام چۆن؟

- (هوسێن بە یاوەرەکەت بڵێ، با بەستەیەکمان بۆ بڵێت)

- (خاتوون، دەنگی بۆ گۆرانی زۆر ناسازە، با سەرتان نەیەشێنێت)

- (هوسێن، گەر وایە با خۆی وەڵامم بداتەوە)

(خوله) ڕووی تێ کرد، بەڵام لێ ئەوەی لێی بڕوانێت ووتی،

- (خاتوون، وەک (کاهوسێن) ووتی دەنگم زۆر ناقۆڵایە)

خاوەر تاس بردییەوە؛ (بەڵات لەمن... کزەی دڵەکەم... تۆ دەنگت ناقوڵاییە، لەگەڵ لەرەی دەنگتدا ئاشت بوونم دێتە لەرزە، بەڵام ئەی بۆچی چاوت لەچاوم نابڕی، چی ڕووی دا، چی وای لێ کردیت؟)

هەردووکیان حەزیان ئەکرد زوو ئاهەنگەکە تەواو بێت، خولە- تا زوو لەو هەلۆیستە ناهەموارە قووتار بێت وکەم خۆی بخواتەوە، وەک تینووی بیابانێک وابوو لەسەر کانی ناو مێرگێک دا بجێت، لە جیاتی ئاوخواردنەوە، ڕوو بکاتە خۆری سووتێنەری نیوەڕوان. خاوەر ئەیویست هەناسەیەک زووتر، بە (مەنیجە) تەنیا بێتەوە وئەشکەنجەی خۆی بۆ هەڵڕێژێت و سکاڵای بۆ بکات.

کە تەواو بوو هەردووک مات و پەشێو بەڵام بە پەلە بوون، تا هەریەک گەیشتەوە ژوورەکەی. خاوەر بە مەنیجەی ووت، کە دەرگاکە دابخات و بێتە ژوورسەری، وەک تای هەبێت، زۆر پەشێو ماندوو خۆی بۆ نەئەگیرا، لەجێ دا کەوت؛

-(خاتوون چ خێرتە، بنێرمە دوای حەکیم باشی؟).

-(مەنیجە، نازانم بەڵام لەنێوان دوو ئاگردام، ئاگری دڵ و ئاگری ئابڕووم، وا ئەزانم خۆت هەستت کرد چۆن وەک دوو مۆم بەرامبەر یەک ئەتواینەوە، ئەمڕۆ خۆشترین وتاڵترین ڕۆژی ژیانمە.... خەونەکانم بڵقی ژێر ئاو بوون. ئاگری دڵم وام لێ ئەکات... وا ئەزانم لە زیندەخەوی چەند ساڵم، قەڵای لاویم، حەزو ئارەزووم هەمووی....)

دەستی کرد بە گریان، لەپڕ و ڕوو لێی کەوت، مەنیجە خۆی بەسەردا نووشتاندەوە ڕووی کردەوە ئاسمان، بە پەنجەکانی قژە خاوە هەنگوینییەکەی بڵاو ئەدا، کە بە فرمێسکەکانی تەڕ و تۆخ بوو بوون، چاوی بۆ سڕی، هەنسکێکی ئێجگار قوڵی هەڵکێشا، وای ئەزانی کچێتی و لەو دژوارەدایە، فرمێسکێ لەچاوەکانی دا قەتیس بوو.

ـ (تەنیا بم زانیبایە چی گۆڕی، چی وای لێ کرد ڕووم تێ نەکات و لەپڕ لەناکاو لە بەهەشتی شادییەوە، هەڵیدامە بیابانی ئەشکەنجە و دوودڵی، پێم بڵێ مەنیجە گیان چی بکەم؟ هاوار، خەریکە دڵم ئەتەقێت... ئێی چۆن نەخۆش نەبم چۆن تادام نەگرێت، خۆت ئەزانیت کە دڵم چەند ناسکە، ئەڵێن وەک پەڕەی گوڵ بەڵام کەی پەڕەی گوڵ بە ووتەیەک، بە هەڵوێستێک، بە نیگایەک بزرکاوە، سیس بووە. دڵی من ناسکترە، ئەو دڵە ناسک و فراوانە پڕ لە ئەوینەم کردە دیاری بۆ گەڕاندییەوە؟ بۆ... بۆچی؟)

وزارة الثقافة والاعلام

ـ (خاتوون، نەک ئەو ـ ج لاوێکی تر، وە هەرچییەک بێت، خەون بە تۆزی بەرپێتەوە ئەبینن، بەڵام من وا تێ ئەگەم یان ئەو کوڕە لە تۆ باوک و خۆشەویستییەکەت ترساوە، یان هێندە ژیرە کە ئەزانێت ئەبێت بە کۆڕیەلەی لەبار بچووێزیت و هیچ داهاتوویەکی نییە)؛

دایە گریانێکی بەکوڵتر، باوەشی کرد بە گەردنی مەنیجەدا، سەری نا بە سەرییەوە

ـ (مەنیجە وا بەندی دڵم بچڕا، تکات لێ ئەکەم وا مەڵێ، مەڵێ هیچ داهاتوویەکی نییە، لێ ئەو من ژیانم بۆچییە، کە واتە منیش ئەبێ داهاتووی خۆم نەهێڵم. من ئەولاوەم ئەوێت... هیچ نەبێت، بەلای کەمەوە بە هەست و نەستم بزانێت و لێی بزانم... ئەتەوێت دڵم یەکالا بێتەوە، واتەپەی دێت لە سینەم دا ئەترسم پەراسووەکانم بشکێنێت و لە سنگم دەربپەڕێت، کچی مەنیجە، ئاگری ئەوینی زۆر بەتینە، هەموو بوونم بۆتە حەز و بیرکردنەوەیەکی تفت و شیرین لەو ئازیزە جێ باکە)

ـ (خاتوون، بۆت ئەچمە سەر کانی خدران تا نیازت بهێنێتەوە دی)

ـ (نا مەنیجە، ئەمەم ناوێت، ڕێیەکم بۆ دانێ، تیمارێکم بکە).

ـ (چی ئەفەرموویت، گیانم لەسەر دەستە بۆت خاتوون، تۆ نەک

هەر خاتوون بەڵکو تۆ خۆشک بگرە بەشتێکی لە خۆم ، چۆن ئەتوانم بژیم ، گەر بزانم ئەتوانم شتێک بکەم بە خەسارەت بکات و لەلای تەوەزەل بم).

- هەهەهە خاوەر ڕاست بووەوە ، هۆشتێکی پێدا هاتەوە

- مەنیجە

- بەڵێ خاتوون

ئێستێکی بۆکرد ،

-(گەر ڕاست بسپێرم ئەڵێیت چی ؟)

وزارة الثقافة والاعلام

-(سەرم بەردەبازی ڕێتە.)

-(ئەمەوێت خۆت بگەیەنیتە لای (خۆلە) ، هەرچی پەیکت کردووە خۆت بگەیەنە لای ، ڕووپۆش ببەستە و بڕۆ ، بپرسە بزانە لەکوێیە ، خۆت بگەیەنەلای وپێی بڵێ ، چۆنت پێ ئەڵێم ، هەروا پێی بڵێ ، بەڵام ئەوەی لە بیرت بچێتەوە ، چی پێ ووتیت ، هەمووگیانت بکە بەگوێ بۆم بگێڕەوە).

مەنیجە ڕاست بووەوە کەوتە خۆ کۆکردنەوە ، بچێتە لای (خۆلە) ، ئەویش لەو کاتەوە گەڕاونەتەوە ، لێو بەبار ، تامی هیچی نەکردووە ، لەنێوان دوو ئاگردایە ئاگری تۆڵە سەندنەوەی بەهێزترە.

- (گەر تۆڵەی باوکم سەند و (بەگ)م لەناوبرد وشارەکەم گرت ، وا خاوەر نەک هێندەی ئێستا بە ڕوخسار و چاوی دا دیارە ، بەڵکو سەد ئەوەندە خۆشی بوێم ، ئەبێتە دوژمنی خوێنی خۆم ، کەواتە بۆچ خۆم و ئەویش گیرۆدەی ئەو ڕۆژە بکەم پۆیەی خۆشەویستی ببێتە ڕق و کینە).

کەمێک بێ دەنگ بوو ، هۆستێ نەی ئەزانی بڵێ چی ، بەڵام فیری بەردەوام بوو

- (گەر وازم لە خوێنەکەی باوکم هێنا بۆ خاوەر ، گەرگەلەکەم شەم لێم خۆش بێت ، ئەی باوکم یادی بەخێر دوا ڕۆژ بەچ ڕوویەکەوە ، ببینمەوە .... خوایە

چی بکەم ).

-(قوربان ئەزانم لەچ ئاگرێکدای ، منیش هەر لەمە ئەترسام ، بریا لەگەڵم نەهاتبای).

- (هوسێن، چەند ئەڵێیت ، خۆشم ئەوێ ، بەڵام یادی باوکم و خۆشەویستی خاڵەکەم لەو ئەوینە بەهێزترە ... ئەبێت تۆڵەی بسەنمەوە).

- (قوربان جا کە باوکیت کوشت ، چۆن تۆ متمانەی ئەوەی پێ ئەکەیت یان بڵێم چۆن ئەو دڵی دێنێت لەگەڵ تۆدا بژی ، ناشێت ، بەڵام ئەبێت ئەوەش بڵێم ئەوینی تۆ بۆ خاتوون نیشانەی ئەوەنییە تۆ باوک و خاڵەکەت لەبیر بردبێتەوە).

- (هوسێن گێڕاوەکە گێڕاوڵییە ! ، ئەبێت هەرچییەکت کردووە زوو مۆڵەت لەبەگ بخوازیت و بەرەو لەشکرەکەمان بگەڕێیتەوە).

- (قوربان خوایار بێت ئەعسەو مۆڵەتی لێ وەرئەگرم ، سبەینێ ئەگەڕێینەوە).

تەپەی پێ یەکێ تا ئەهات لە ژوورەکە نزیکتر ئەبووەوە ، ئافرەتێکی ڕووپۆشراو بە پرتاو خۆی کرد بە ژووردا ، چارشێوی لادا و سڵاوی کرد ، میر و هوسێن حەپەسان ،

-(فەرموو مەنیجەخان)

- (کاهوسێن بۆ دانیشتن نەهاتووم ، خاتم ناردمی پەیامێکم پێیە بۆ (کاخولە)

وەک ئاوێکی سارد بکەی بەسەری دا ، شڵەژا ، ووتەکانی کەمێک لەمەوبەری لەبیرنەما ، هەستی بە دڵی ئەکرد ، وا دائەخورپێت ، پەلەی بوو بزانێت پەیامەکە چییە ؟ ، بەڵام وەک پڵنگێکی بریندار ، ھانی بەخۆی داگرت و

حەوسەڵەی ئەوچەند ساڵە تاڵەی کرد، تامەنیجە پەیامەکەی ئاشکراکردو
لەدوایی دا ووتی:
- (جاڕکا (خوله) ئەبێت ئەوە بزانێت، خاتوون شەیدایەو ئەوینیشی
سەرکێشی یەو لەسەر بڕیاری ئەبێتە شاخێکە، هیچ لایەنێکی ترت لێ نادا تەوە،
تۆش ئەوە لەبیرکە ئەو بەگزادەو تۆ دەمڤ ژەنیت).
- (مەنیجە خان - من تەنیا ئەوەندەت پێ ئەڵێم، ئەبێت (خاوەر)
ئەوی ببینم)
مەنیجە قسەکەی لەدەم قۆستەوە، وەك هەنگوینی لەدارا دۆزیبێتەوە
- (ئەویش هەر ئەمەی ئەوێت بت بینێت و ڕازو نیازی دڵتان بکەن،
بەڵام ئەوەش بزانە کە مرۆڤی وەك تۆ لە خۆباڵجیم نەدیوە، من لە مرۆڤم دی
ئەناسم، لەناوەوە ئەکوڵێیت و لە خاتوونم شەیداتری بەڵام واخۆت
دەرئەخەیت کە لێ باکیت).
- (مەنیجە وازلەم سەرگوزشتانە بهێنە، کەی و چۆن و لەکوێ خاوەر
ئەبینم؟).
- (خۆت ئامادە بکە، کە خۆر دووبالای لەسەر ئاسۆوە ما،
ڕابەرێکت بۆ ئەنێرم، دوور بە دوور شوێنی بکەوە، تا ئەت گەیەنێتە
دەروازەیەك، ئەوسا خۆم بۆت ئەکەمەوەو ئەت بەمە لای (خاتوون)؟).
کە ووتەکانی تەواوکرد، هەروەك هات، چارشێوەکەی دایەوەو بە
پرتاو دەرچوو. کێژ کەوتبووە کەولی هوسێنی، کە تەنیا بوونەوە، ووتی
- (قوربان تۆ بڕیارت نەدا ئەمشەو مۆڵەت لە (بەگ) وەرگریت.).
- (ئا هوسێنی، ئەی چۆن، خۆ ئەم ژوانە، لەو بڕیارەم لانادات،
باشان، لە هەموو شتێکت ئەگەم).

پاش نیوەڕۆ ، دوور بە دوور (خولە)ت بەدوای ڕابەرەکەوە ئەدی ، گەیشتە دەروازەکە ، دڵی وەك هەنگاوەکانی پەلە بوو ، مەینجە لە پێشوازیدا بوو ، دەروازەکەی بۆ کردەوە و پێشی کەوت ، بردی لە ژێر سێبەری دارێکی گوێ حۆگەکەدا ڕایگرت و بزر بووە . میر نەیئەزانی سەیری چ لایەکی ئەم باغچە ڕازاوەیە بکات ، سروشتە قەشەنگەکە وای لێ ئەکرد هەست بکات کە لە هەموو کاتێك پتر ڕیشەی بەم خاکە نازدارەدا چووە و بە هەزاران داوی ئەفسانەیی یەوە بە هەموو بستۆکێکی یەوە بەندە ... هاتنی (خاوەر) وسڵاوەکەی وەوریای کردەوە

- (خاتوون ، لەسەر داوای خۆت ، هاتم بۆ دواجار ببت بینم)

- (خولە پێم بڵێ خاوەر ، مشکۆلەزمەی ئەم هاتنەتم ...)

لێوورتە بەرامبەر یەك ڕاوەستان ، مەینجە لێیان دوور کەوتەوە و بەرەو ئەندەروونی ژنان گەڕایەوە کە بە ئاستەم لە نێو بالای درەختەکانەوە دیار بوو . جریوەی چۆلەکە و دەنگی قرواق قیکەڵ بە دەنگی گەلاولقاو پۆلی دارێ وجنارەکان ئەبوو ... هێمنی لێ ئەبەخشی ، لەم هێمنی ولێ دەنگی یەدا ، هەر ئەوە نەبوو ، دڵی (خاوەر) نەئەقیت ، نەی ئەزانی بۆ (خولە) چاو بەرز ناکاتەوە ولێی ناڕوانێ .

- (هیچ شتێك سۆزی تۆ لە دڵم دا پڕ ناکاتەوە ، من خودی تۆم خۆش ویستووە مەلێ من بەگزادە و تۆ دەف ژەنی ، هەست ئەکەم ولە چاوەکانت دا ئەی خوێنمەوە ....... چاوی هەڵبڕە ، بۆ خۆشەویستیت لە دڵدا هەشار ئەدەیت ، ئەترسیت ئاشکرات کەن چەندە منت خۆش ئەوێت).

دووجار چاوی بۆ هەڵبڕی وهەنسکێکی هەڵکێشا و ڕووی بەرەو چنارەکان وەرچەرخاند ، کە بە دەم شنەباوە ئەشەکانەوە .

- (هیچ نەبێت لە خۆت بپرسە، تۆ چیت بۆ من، بابێت بڵێت، کوشتەی تۆم، دەردیسەری و دەماسێی، بێ تۆ ژیانم ناوێت، پێم بڵێ بێ تۆ ژیانم بۆچی بێت؟ چی وات لێ ئەکات بەرهەڵستی هەست و سۆزت بکەیت، حەزو خەونی لاویت لە دڵت دا بەنگ بەیتەوە، پێم بڵێ، ئەنیا پێم بڵێ خۆشی دڵەکەم بۆچی....).

وزارة الثقافة والاعلام
يسمح

چاوێکی هەڵبڕی، ئەم جارە ڕووی وەرنەچەرخاند، بە (خاوەر) دا ئەبلەق بوو. وەک بیەوێت تینوێتی لاوی بە کانیلەی چاوەکانی ئەم شۆخە بشکێنێت، یان لە ئاوێنەی دیدەکانی دا بە ژیانی خۆی دا بچێتەوە. وە نەبێت (خاوەر) چاوی ترووکاندبێت، ئەلبەت بەچاو یەکیان لە ئامێز گرت. ئەڵێن زۆرجار چاو شتێک دەرئەبڕێت کە گرەی زمان ناهێڵێت بەووتە لەزار دەرچێت.

- (خاوەر)

- (بینایی خاوەر)

ئیشتێکی بۆکرد، هێشتا چاویان لەچاوی یەک دا بوو، بێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات دەستی سپی و خرپنی (خاوەر)ی گرت.

- (خاوەر من و تۆ وەک ئاوو ئاگرین، ئاگرە کە ئاو دێنێتە کوڵ و هەر ئاویشە ئاگر ئەکوژێنێتەوە، بەڵام پێکەوە نایان کرێت و بۆیەک نابن. جا گەر زانیت کە ئێمە بۆیەک نامان کرێت و بۆیەک نەبین، چی ئەکەیت؟).

بە دەم قاقای پێکەنینەوە، بە بەرو پیشت دا ئەکەوت، هێشتا دەستی لە دەستی دابوو.

- (چۆن بانگت کەم، پێت بڵێم چی، کا (خوله)؟).

میریش کەوتە پێکەنین، دەنگی قاقاکەیان ئاوێزان بوو، وا هەستی ئەکرد یەکەم جارە پێ ئەکەنێت.

- (ئەم کا (خوله) یە زۆر خۆشە لە دەمت، ئەی نازانیت ناوم

(محمود)ە و بۆ ناز پێیم ئەڵێن (خوله)).

- (ئازیزەکەم (محمود) گەر تۆش ئەزانێ لێ یەك نامان کرێ، چی ئەبێت وامان لێ بکات بۆ یەك نەبین؟).

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، هەردوو دەستی گرت وکەمێك گوشی؛

- (وا بە ئاسانی وەرمەگرە، هەرچەند وا دیارە تۆ هیچ بە گران نەزانێ)

- (خۆشەویستی، قوربانی یە، لێ بووردنە، کە ژیان ئەبێتە خۆشەویستی، ئەوا ژیان ئەبێتە قوربانی ولێ بووردن و سەرکێشی یە.... کەمن خۆم بناسم و بزانم چیم ئەوێت، بۆ ئەو ڕێگەیە بەگران بزانم کە هەڵی ئەبژێرم).

- (تۆ لە من باشتر ئەزانیت کە هەموو شتێك لەم ژیانەدا نرخی خۆی هەیە، ئەبێت مرۆڤ بۆ شتێك قوربانی بە شتێك بدات).

- (ئامادەم قوربانی بدەم)

- (گەر کەمێك سەخت بێت؟)

- (گەر بۆ خۆشەویستی یەکەمان بێت، ئامادەی هەموو شتێکم، تۆ نازانی خۆشەویستی لای ئافرەت واتە ژیان واتە بوون، گەر مرۆڤ بۆ ژیان و بوونی نەژی وقوربانی نەدات، کەواتە بۆچی بژی؟)

- (کەواتە بابڕاستی یەکت لا بدرکێنم، لام گرنگە بزانیت، بەڵام لەوە دوودڵم کە هێندە پەریشانت بکات، دڵت بگۆڕێت).

- (تۆ خۆشی و پەریشانیی، تۆ ئەشکەنجە و شادیی، تۆ ئاسودەیی و سوگواری، چی ئەڵەیت بڵێ، تەنیا دڵم بۆ بکەرەوە).

[illegible]

- (هۆی نیگەرانی و ئەشکەنجەم ئەو جەنگەیە، کە نزیکە بقەومێت)

- (چۆن؟)

ـ (ئەڵێن ، خوا خۆی ئەزانێت چەندی ڕاست بێت ، بەڵام ئەڵێن کە ئەو میرەی هێرشی هێناوە بەرەو شار خوێنێکی لە ئەستۆی (بەگ) دایە.

ـ (باوکی من؟)

ـ (بەڵێ باوکی بەڕێزت)

ـ (چۆن خوێنێک؟)

ـ (ئەڵێن گوایە باوکت ، کاتی خۆی بە ناڕەوا ، باوکی ئەو میرەی کوشتووە).

تاس بردی یەوە ، هەستی بە ڕشانەوە ئەکرد ، ڕەنگی هەڵبزرکا ، بەڵام وای نیشان ئەدا ئەیەوێت لە سەری بڕوا و شتی وا لە باوکی ناوەشێتەوە

ـ (گەرچی تۆ بیستووتە وەک خۆت ئەڵێیت گوایە ، بەڵام من باوکم ئەناسم ، شتی وای لێ ناوەشێتەوە... نەک تەنیا باوکێکی بێوێنەیە ، بەڵکو سەردارێکی بێ هاوتا و مرۆڤێکی زۆر دڵ گەورەیە و ژیانی هێندە قورس نەگرتووە لە ناڕەوا مرۆڤێک بکوژێت).

میر زۆر لە (خاوەر) وورد ئەبووەوە و هەموو بوونی کردبووە چاو و گوێ تا هەست بە هەموو هەست و نەست و دەربڕینێکی دڵخوازەکەی بکات

ـ (گەر باوکم کاری وای کردبێت ، نا ئەخێر شتی وا ناکات ، بەڵام پێم بڵێ ئەمە چ پەیوەندییەکی بە تۆ و خۆشەویستییەکەمانەوە هەیە؟)

ـ (چۆن پەیوەندی نییە؟ ، زۆر نابات جەنگەکە بەرپا ئەبێت و لە هەردوولا هەزاران منداڵ هەتیو ، ئافرەت بێوەژن ئەکەوێت ، ئەمە بە ئەستۆی کێ؟ گەرچی من (دەفتەرەن)م زۆر لە ژیان بڵێم وەک ئێوە لە ژیان ناگەم ، بەڵام ئاه و نزولەی ئەو هەتیوانە کار لە تۆ و لە منیش ئەکات ، نامەوێت ، خەڵکی پەنجەی تاوانم بۆ ڕاکێشن ، یان بڵێن گەر نەشیان توانی ، ئەوا بە چرپە یان لە دڵی خۆیاندا بە تاوانێکی وا گەورەوە بم تلێننەوە).

هەردووک بێدەنگ بوون ، سەریان داخستبوو ، خاوەر بەزۆری لەخۆی ئەکرد ، نەئەگریا

ـ (خاوەر نالێم ، بەڵام پێش ئەوەی تۆ دڵم داگیربکەی ، ئەژیاوم ، هەر تۆی

کە لە ناخەوە لەرزانیم ، دەنا پێش تۆ هەموو ئافرەتێکم بە بیاوئەزانی ، واهەست

ئەکەم خوا بۆ یەکتری بە خسانندووین ، بزانە هەزاران هێندەی تۆ خۆشم ئەوێ بێت

بە ترسنۆک یان خۆپەرستم مەزانە .... چۆن بە بێ خەوش و بێ گەردت ئەزانم ،

هەز ئەکەم هەروا لە یادو دڵ و ناخم دا بمێنیتەوە نەوەک بە هێشک بێت لە ژیانم و

بیتە وەحەوی تاوان ، لێم ببورە ، واقسەم لە بڕووە) .

ـ (گەر باوکم کاری وای کردبێت ، ئامادە بێت ئاگری جەنگ لە ئەستۆی خۆی بنێ ،

ئەوا ....)

بێدەنگ بوو ، قوڵپێک گریانی هات .

ـ (خۆم ئەکەمە قوربانی تاکێکی باوکم بەڵام گەر وەک تۆ ئەڵێیت ...) .

دەستی کردە گریان ، چۆن پرمەیەکە ، گریانێک . فرمێسک لە چاوی (مێ) داقەتیس ماە

(مەینجە) لە دوورەوە بە پرتاو هات ، گەلێشتە لایان ، کە ئەمانی وا دی هێندەی تر

پەشۆکا

ـ (خاتوون (بەگ) بەرەو باخچەکە دێت)

پێش ماڵئاوایی مێر دەستی (خاوەر) ی گرتەوە و بە پەنجەی دەستەکەی تری

فرمێسکەکانی بۆ ئەسڕی

ـ (خاوەر تاگەرمی لەلەشمدا بێت و تا دڵم لە خورپەدا بێت ، هەر تۆی

شازنی دڵم .... هەرگیز لە یادت ناکەم ، بەڵام ئێستا ماڵئاوا) ،

دەستی توند گوشی و سەری خستە سەر سنگە پانەکەی (مێر) و خۆی لە ئامێزی دا

گرمۆڵە کرد

ـ (خاتوون باوکت بەرەو ئێرە دێت) .

# ٧

هێشتا ئەو دەنگە نەبڕیبوو، بەڵام دەم خۆشی لێ کردن. قاوە
هێنرا، هوسێن بە گوێی (حولە)ی دا چرپاند:
- (قوربان ئەڵێیت چی؟)
- (بێ گومان، هەلە پێی بڵێ تا دیوەخان چۆڵ نەبووە)
هوسێن پاش قومێک قاوە هەستایە سەر پێ و بە ڕێزەوە بەرامبەر بەگ وەستا:
- (بەگم زۆر بوونی بە ئەرک بە سەرتانەوە، پێشوازی و
میوانداری یەکە هەر لە خۆتان ئەهات، گەر ڕێمان بدەن نیازمان وایە
سبەینێ جێتان هێڵین).
- (کوڕم هوسێن، گەرچی ئێمە حەزئەکەین لەم ڕۆژانەدا لە ناوماندا
بن، بەڵام چونکە وا حەزئەکەن سەرپشکی خۆتانە و لەبیرمان نەکەن جار جارە
بە سەرمان بکەنەوە)
پاش کەمێک بێ دەنگی، پاش ئەوەی هوسێن لە جێی خۆی دانیشتەوە، بەگ ووتی:
- (حەزتان لە چییە با لە پاداشتدا پێتان دەمێ؟)
- (قوربان ئاسودەیی شارو سەرفرازیتان ئەوپەڕی حەزمانە، چیمان
هەبێت و نەبێت هەر بەهۆی تۆی ئەزانین، بەڵام قوربان گەر دوو ئەسپمان
پێ ببەخشن، هەرگیز لە چاکەت دەر ناچین).
ووڕتەکەوتە نێو دیوەخان، هەموان گەشتێکی خۆشیان بۆ خواستن، کە (بەگ)
هەستا، چوونە دەرەوە، بەرەو ژوورەکانیان گەڕانەوە، هێشتا خۆیان ئەکرد بووە
وە نۆکەرێک بۆ هەریەکە جل و بەرگ و هەندێک دراوی لە بەگەوە بۆ هێنان، پاشان

هەر یەکەو لە سەر جێی خۆی لێی ڕاکشا. خەو مەڵێکی سرکێ بوو بۆ (میر) دەستەمۆ نەئەکرا، وەک ساوایەک لە ئامێزی دایکی دابڕبێت، پەشێو و دڵگران بوو. لە دوورەوە گوێی لە هەنسکە قوڵەکانی ئەبوو. هوسێن هەستی بە هەموو جوڵە و نەستێکی ئەکرد، بەڵام لەبەر درێژی ڕێی بەپێیان و لەبەر ئەوەی دڵی نەی ئەهێنا میر وا ببینێت، هەوڵی دا هەر چۆنێک بێت خۆی بکات بە خەوتوو، بەڵکو شەوەکە بیگرێتە خۆی، هەر چۆن (خولە)ی لە ئامێز گرتبوو. بەڵام هەموو تاریکی شەوەکە هێندەی بیرکردنەوەی ئاڵۆز و لێڵ سەروبن نەبوو. چی بکات کەوتۆتە نێوان دوو ئاگرەوە، بەڵام بەوە دڵی خۆی ئەدایەوە «هەست و نەستم بۆ دەربڕی، گەر منی بوێت بیر لە ووتەکانم ئەکاتەوە. بەڵام هێندە هەست ناسکە ئەترسم شتێک بەسەر خۆی بهێنێت، باوەڕ ناکەم بەرگەی ئەو تەڵەزگەیە بگرێت بەڵام هەر چۆنێک بێت لەوە باشترە، وەک داوەڵێ چاوی گەردەلولی خۆشەویستی بەلایەکەدا و گەواڵەی خۆشەویستی باوکی بۆلایەکی تری ببات. بەوە ئەگاتە ڕاستییەکی وئەوەش یەکەم هەنگاو ئەبێت بەرەو خۆناسینی، نابێت هیچی بوێت و باوکی بوێت، چۆن ئاو و ئاگر پێکەوە ئەیان کرێت. گەر منی بوێت، بەدوای ووتەکانم دا ئەچێت و ئەگاتە ڕاستی باوکی، بێ باوکی لە دڵی دا ئەشکێت و لە هەموو ڕێوشوێنێکی باوکی یاخی ئەبێت... تۆ بڵێیت باوکی شتێکی بەسەر نەهێنێت، ئەو مرۆڤەی دەستی بچێتە خوێنی مرۆڤێکی بێتاوان، خوێنی مرۆڤێکی تری لا ئاسان ئەبێت، بەڵام تۆ بڵێیت تاکی خۆی؟)

بەدەم ئەم بیرکردنەوانەوە، چاوی چووە خەو، خەونێکی پڕ لە خەون و مۆتە هەمان خەوی جارانی دیەوە، تینوو بوو، باوکی هات ڕێی ئاوەکانی نیشان دا.

ئا بەیانی هوسێن بێداری کردەوە، چەند جارێک ئەم خەونەی دیەوە،

- (قوربان دەست و برد نەکەین، ئەترسم درەنگمان لێ بچێت؟)

-(ئا، هوسێنی ڕاست ئەکەیت، قۆناغمان دوورە).

-(قوربان، بەرچایی ناکەیت؟)

میرکەمێک خۆی کێشایەوە وەک ئەوەی خۆ گورج کردبێتەوە

وزارة الثقافة والاعلام

-(کەنیلە بالەشار دەرچین، لە سێبەری بندارێکدا بەرچایی ئەکەین).

بەرەو ئەسپەکان چوون، دوو ئەسپی چۆن بوون بەڵام لەو کاتەدا لە ئەسپەکوێت چاکتر بوون، پیرە ئەسپ و پیرەماین لەوە ئەچوون تەنیا تا دەربەندەکەیان بێبەن سوار بوون، حەزیان ئەکرد پێش بێدار بوونەوەی شار دەرچن، بە دووچاوی تێنووەوە سەیری ڕێ و بانی شاریان ئەکرد. زۆریان پێ نەچوو گەیشتنە دەروازەکە، زوو دوایان نەخستنی، بۆیان خرایە سەر پشت و پەڕینەوە.

ئەبوایە بە هەمان ڕێگەی هاتنیان دابڕۆنەوە تا لە چاو وون ئەبوون، نەک گومانێک بخەنە دڵی سێخوڕەکانی (بەگ)، کە لە دەرەوەی دەروازەکەی شاردا پەرش و بڵاو بووبوونەوە و هەندێکیان ملە قوتێیان بوو.

گەیشتنە قەدپاڵە سەوزەکە، تیریژی خۆر بە خواری لە نێوان لق و پۆپی درەختە حوچەکانەوە، پەڵەی ڕووناکی لەسەر سەوزەبارەکە پێک ئەهێنا. پیادە بوون و ئەسپ و ماینەکەیان بە دوای خۆیاندا کێش کرد تا گەیشتنە سەر کانییەکێ. هوسێنی جوارچێکانی برد بیان بەستێتەوە و لەوەڕوە ئاویان بدات، کە گەڕایەوە دی میر پاڵی دابوو بە دارمازوویەکی بەرزەوە، بە لق و پۆپەکانییەوە ئەبلەق بوو بوو، وەک لە ستێکی سەر درەختەکان، لە قوڵایی حەوا بڕوانێت

-(قوربان ئێرەت پێ چاکە؟)

-(چاکە)

مشکی و دەسماڵەکەی داگرت و لە نزیک کانییەکەوە ڕای خست و پڕیاسکەی کردەوە تفاقی بەرچایی و نانی نۆردوو و پەنیری سپی دەرهێنا، لەسەر دەسماڵەکە ڕێکی خستن.

ئاگرێکی بۆ (چاڵی) یەکە کردەوە ، دووکەڵەکەی ئەو ناوەی پڕکردبوو ، هێندە فووی لێ کردە دەم و چاوی دووکەڵاوی و چاوی سوور بوو . (میر) بە دەم بەرچاڵی کردنەوە بیری لە دوێنێ و سبەینێ ئەکردەوە ، وەکو لە ئەمڕۆدا نەژی . دوێنێ هەستی بە لێدانی دڵی ئەکرد ، چاوی بە جوانی سروشت و خاوەر ئاو ئەدایەوە . سبەینێ دڵی هەر تەپەی دێت ، بەڵام ئەبێت چاوی بە بریسکەی شیر و ڕەوی تیر و غارغارێنی سوار و دەستەویەخەبوونەوەی لاوانەوە هەڵ بێنێت .

وزارة الثقافة والاعلام

کەنیلە کە میری وا دی ، ویستی شانێک بداتە بەر باری غەمی و کەمێک دوێنێ و سبەینێی لە بیر دەرکات .

— (میرم حەزتان لە بەستەیەکە ، ئاوازێکی نییە ؟)

— (ها ، کەنیلە ، شتێک بڵێ)

— (ئەی کوا دەفەکەت ؟)

دەستیان کرد بە پێکەنین ، چ کە نینەکەی کەمێک تەمی سەرچاوی وەکو هەوری بەهاری ڕەواندەوە . دەنگی کەنیلە لە دۆڵەکان دا ئەیدایەوە و ئەگەیشتەوە لای خۆیان .

کە سوار بوونەوە ، تا گەیشتنە دووڕیانەکەی لەوەوبەر بۆ پشت شار چێی دا چوو بوون ، نەوەستان . ئەسپەکانیان کەمێک حەواندەوە ، سەرکەوتنەوە ، ئەو ڕێیەیان گرتە بەر کە بە ناو دارستانە چڕ و شەخەڵەکەدا ئەچوو . بەراستی بەهەشتێک بوو ، سەوزایی ، ئاوی زۆر ، دارستانی چڕ . هێشتا زۆر نزیک نەبووبوونەوە لێیان خوڕین :

— (کوڕینە بوەستن ، کێن ؟)

چوار چەکدار لە لایەکی دارستانەکەوە بۆیان دەرپەڕین . ڕم و تیر و کەوان و شیریان پێ بوو ، یەکێکیان هاتە پێشەوە ، میر هەستی کرد ، کە ئەمە ڕۆڵەی گەلە نەبەزەکەی خۆیەتی . کەنیلە هاتە زمان :

ـ(خۆشخوان و دەف ژەنین.)

میر دەستی کرد بە پێکەنین

ـ(کە نیلە ئەمانە لە خۆمانن)

کە هاتنە پێشترەوە، سەر دەستەکەیان بە پەلە هاتە پێشەوە، ووتی

ـ(قوربان پێمان بوورن، نەمان زانی ئێوەن).

ـ(چاکتان کرد برالینە، ئەبێ بە ئاگابن).

شەش قۆڵی بەرەو هۆبەکان کەوتنە ڕێ، (میر) لە ڕێگاکەی لەگەڵ یەکێکیاندا گۆڕییەوە، جار جارە زۆر پێش هۆستین سەر جاییو پیرە ئەکەوت. میر هەندێک پرسیاری لە چەکدارەکان کرد، وا دیار بوو گەڕابوونەوە ئەوەی کە ڕۆژدا بڕی، زۆر پەرۆشی کۆمەڵەکەی بووە.

کە نزیکتر بوونەوە دوو سواریان بە غار پێشیان کەوتن و هەواڵیان گەیاندە هۆبەکان، زۆری پێ نەچوو مامۆستا و سەرکاروسەر لەشکر و پەروێز و ژمارەیەک چەکدار بە پێشوازیانەوە هاتن، پاش دەست گوشین و خۆش هاتن، بەرەو هۆبەکان چوون، چەرداخەکەی میر لە مێژ بوو شوێنی میر و کەسێکی تێدا چۆڵ بووە.

هەموو بە ڕێز لە بەردەم چەرداخەکەدا وەستابوون، چاوەکانیان بە خۆشی هاتنەوەی (میر)یان ئەبریسکایەوە، دەیان پرسیاری گرۆڵیان لێ بوو، هەموو بوونیان بوو بووە گوێ و چاو تا باشتر بیان بینن و هەواڵی شاریان پێ بڵێن.

پاش دانیشتن مامۆستا ئاخێکی بۆ کرد و ووتی

ـ(قوربان بە ڕاستی شادیت هێنایەوە ناومان، هەموو هەستمان ئەکرد شتێکمان لێ بزر بووە، شوێنت نەک تەنیا لە ژێر چەرداخەکەدا بەڵکو لە دڵیشماندا چۆڵ بوو، باس هەر باسی تۆ بووە و هەموو ئۆقرەی لێ نزامان بۆ سەرخوازیت کردووە)

-(کارت ڕاست بێت مامۆستا، من گەرچی دوور بووم بەڵام هەست و بیرم هەمیشە لای ئێوە بووە).

سپاسێکی بۆ کرد، بیری لەوە ئەکردەوە، کە ئێستا چۆن لە شار دوورەو هەست و بیری پابەندی (خاوەر)ی شۆخ و نیانە.

مامۆستا وەکو بیەوێت هێشتا پەرۆشی خۆی باشتر دەربڕێت، وتی:

-(بە ونۆمێدیم لە گەشتەکەتان دا سەرکەوتوو بوون، باروودۆخێکتان بۆ ڕەخسابێت، چوونتان بێ هوودە نەبوو بێت).

لەم کاتەدا پەروێز ڕێی نیشانی ئەو دوو نۆکەرە ئەدا، بە دوو جامولکە گڵینەی پڕ لە دۆوە بەرەو مەرداخەکە هاتن. کەوچکی داری گەورەیان تێدا بوو، لەسەر پێشخانی پەروێز یەکێکیان نزیکی (مێر و مامۆستا) دانا و نۆکەرەکەی تر ~~...~~ جامەکەی بەسەر دانیشتوان دا گێڕا، هەریەکەو کەوچکێ و دووانیان نا بە سەرەوە.

-(مامۆستا زۆر شتمان لا ئاشکرا بوو، زۆر پشتوێنی ئاشکرا بوون. وەکو لە مەرەکەی باوکەوە دیم، (بەگ) بە ڕاستی دار اڵلەیەکی گلۆرە .... بە زەبر و زەنگی خۆی ڕێز و دەسەڵاتی بەسەر گەلەکەی دا سەپاندووە، لەوە ناچێت زۆر دڵسۆزی هەبێت یان خۆشیان بوێت، بەتایبەتی زۆرکەس ئەیان زانی کە لەشکرەکەوان کێ یە و چی ئەوێت؟. هەموان مح سەر لەشکر فەج سەرکار و چ مەلاکەیان وەکو قسەیان کردبێت بە یەکێ، ڕایان وابوو، خۆیان لە ئاگری جەنگەوە نەگلێنن تا شالاو نەبەنە سەر شار، چاکیان ئەزانی کە ئێمە چیمان ئەوێت و ئاگری چ تۆڵەیەک لە دڵ دایە. زۆر بە ئاشکرا باسی کاروباری خۆیان لەبەرچاوی ئێمەی بێگانەش ئەکرد، لەلایەکی ترەوە بۆم دەرکەوت، ناحەزی لە هەموو لایەکەوە هەیە).

-(خۆش حەزدە بێت میرم، ئەمە یەکەمانی بۆ ئاسان ئەکات و ئومێدی

کەم کوشتاری و سەرفرازیەکی سانامان لە دڵدا ئەڕوێنێت).

سەرلەشکر، لەسەرخۆ بە دەنگێکی نزمانەوە ووتی:

- (قوربان چی تیایە گەر سوود لە ناحەزەکانی وەرگرین و بەرەو خۆمان ڕایان کێشین... ئەوانیش گەر بەیەکیش ئەگەیین لەبەرئەوەی ناحەزی (بەگ)ن کەوایە لە بەرەی ئێمەدان).

- (سەرلەشکر ئێمە وا فێرنەکراوین وەکە(بەگ) پاشقوڵ بگرین، من دڵنیام کە سوپاکەمان بێ ئەو یاریدەیەش ئەتوانێت بەئاسانی سەرکەوێت).

میر کەوچکێکی تر دۆی نۆش کرد و ووتی:

وزارة الثقافة والاعلام

- (لایەنێکی تریش هەیە، گەرچی باش لام ڕوون نیە، بەڵام وا ئەڵێن ئەم شاڵاوەمان بۆ سەر شار دووری نیە کلتیبەیە ئەلیەفۆی کاژاوەی ناوخۆیان نەداتێ)

سەرلەشکر بە هێمنیەوە پرسی:

- (جا قوربان، گەیشتنە ئەو بڕیارەی کەی و چۆن؟ شاڵاو بەرین؟).

- (من وای بە باش ئەزانم، نازانم ئێوە ئەڵێن چی؟ پاش حەوانەوە و بیرکردنەوە بڕیارێکی بەکۆی لێ ئەدەین).

سەرکار کە تا ئێستا بێ دەنگ بوو، حەپەسابوو، بەڵام ئەم دواوتەیەی میر بە ئاگای هێنایەوە، ووتی:

- (قوربان ئێوە لە دوورەوە هاتوون، پێویستتان بە حەوانەوەیە، مۆڵەتمان بدەی).

کە ڕاکشا، سەری دەزووی بیرەکانی لێ بزر بوو، نەی ئەزانی لەکوێوە دەستی پێ بکات بەڵام وادیار بوو دەنێێ و ئەمڕۆ و سبەینێ لە ململانێ دابوون، تاوێک بیری لای تولە، تاوێک (خاوەر)، تاوێک شار بوو. بەدەم ئەم بیرکردنەوانەوە، خەوزایە چاوی، لە هێمنی شەوی لاپاڵە فێنکەکەدا توایەوە.

## - ٨ -

تا گەیشتە ئەم بڕیارەی چەند شەوێکی خستە سەر ڕۆژ و ئەو کاتانەی لە دیوەخان بوو، هەموان هەستیان ئەکرد بە دژوارێکی توندەوە ئەتلێنەوە، وا لە سەر رووی هەموویانەوە دائەنیشێ، بەڵام بیر و هۆشی لای ئەمان نییە، بەم چەند ڕۆژە بە ئاسانی هەستی بە لاواز بوون و لەڕبوون و چاوی سوورێتی ئەکرد. گەر نەیان ناسیایە چەند دڵڕەق بووە یان بڵێن هەر دڵی نەبووە، وایان ئەزانی لە شەو تا بەیانی تاکو دێتەوە ناویان بە کوڵ ئەگری، بەڵام هەموو کەس چاکی ئەناسی دڵی تەنیا ئامێرێکە و شوێنی هەست و نەست و شتی جوانی تێدا نابێتەوە.

خۆشی لەم دوایانەدا هەستی بە مە کرد بوو، بەڵام وەک ئەیووت (سوودی چی یە، کە کار لە کار ترازا)، گەر وەک ئێستا بە خۆی داچووەوە چەند ساڵێک لەوەو بەر ئەمەی بکردایە دەستی خوێناوی نەئەبوو، چەند مانگێک لەمەوبەر بیکردایە، واڵچەکەی لەدەست نەئەچوو بیری ئەکردەوە ((هەموو ژیانم بخەیتە سەر یەک، تەنیا خاوەری تێدایە شانازی پێوە بکەم ئەویشم لە کیس چوو، ناحەزان چوونە بن کلێشەی خوا ئەزانێ چەندی تریشیان پێوە ناوە و ئەو بە منی نەووتووە، ئەیویست بڵێم ئەو قسانە درۆن، کاشکی ئەم درۆیەم لەگەڵ بکردایە، با ئەم تاوانەش لەسەر ئەوانی تر بێت، بەڵام نازانم چۆن بوو، دەمم هێنای، من مەبەستم ئەوە بوو لێی بڵێم و دۆی بسەلمێنم کە چەند ڕاستگۆم لەگەڵی و چیم کردووە و چی ئەکەم لە پێناوی ئەودایە))، لەمەدا ڕاستی ئەکرد، ئەم دوا بڕیارەشی

هەر لەبەر خاوەر بوو، تا بۆی بسەلمێنێت ئەو دڕندەیە نییە ناحەزانی بۆیان هەڵبەستووە و بسەلمێنێ کە ئامادەیە دەست لە هەموو شتێک هەڵگرێت بۆ خۆشی ئەو و ئاسوودەیی ئەو و ئاسایشی ناوچەکەو تێدانەچوونی خەڵکەکەی، با بڕوا بەگایەتیەکەی بڕوات بەڵام بە شانازییەوە یاد بکرێتەوە.

گەرچی زۆری لێ ڕەنجابوو، بەڵام دڵی نەیئەهێنا لێ ماڵئاوایی، بەرەو نەگەڕانەوە بڕوات... هەموو ژیانی پاش مردنی خێزانەکەی تەرخان کردبوو بۆ ئەو کچەی وا ئێستا لێی کراوە و نایەوێت بیبینێت. «هەموو هەوڵم بۆ زیندەخەوەکا خاوەر بوو، لەجێی کچ و کوڕم بوو، گەر لەگەڵم بهاتایە، بەم چوونەم هیچ نیگەران نەئەبووم.... هاوار خوایە لەژیان چیم بۆ مایەوە، دەستەلاتێ و سامانەکەم بۆ چەکل و چەورەوە، کچەکەشم بۆ نامۆیی و ڕیسوایی... گەر ئەمزانی لێ بوو وای لێ کردبێت زمانیم لە بن دا ئەبڕی»

بەدەم ئەم بیرکردنەوەیەوە گەیشتە ئەندەروونی ژنان، گەرچی شەو درەنگ بوو، بەڵام هێشتا لالەی ژوورەکەی ئەسووتا، زۆری لێ چوو تا دەرگاکە کرایەوە، خاوەر ڕەنگ بزرکاو چاوسوور و پەشێو، بە دەستی لەرزۆکەوە، دەرگاکەی کردەوە، ئەتووت لە گۆڕ هاتووەتە دەرەوە. کزەیەک لە جەرگی یەوە هات، (ئەمە کەی خاوەرە، خەم و پەژارە و بیرکردنەوە خوێن سیس و ژاکاندوویەتی) بەیەکدا ئەبڵەق بوون

-(کچەم هاتم ماڵئاواییت لێ بکەم، ئەترسم ئیتر نەتبینمەوە)

هێشتا بە باوکی دا ئەبڵەق مابوو، هەزاران پرسیار لە چاوەکانی دا سەرەتاتکێیان ئەکرد

-(ئەم چوونەشم، هەر لەبەر تۆیە)

هەنسکی گریانی تێکەڵ بە هەنسکی باوکی بوو، دەستی کردە ملی باوکی، تادەمێک بەکوڵ گریا، لەدڵی خۆیدا ئەیووت (خۆزگە هەر لە خەوندا بژیامایە، هەرگیز ئەوەم نەزانیایە کە ئەیزانم، بەڵام باوکە زۆربەی هەڵەی خۆت بوو، فێرت کردم ڕاستی و چاکەم بوێت و دوژمنی فێڵ و بەدکاری بم).

یەک لە خۆی دوور خستەوە، ووتی:

-( خاوەر ئاگاداری خۆت بە، کە لەگەڵم نایەیت، ناحەزانم تەنگ و چەڵەمە یەکت بۆ ئەنێنەوە، ئاگات لە خۆت بێت کچی خۆم مانم بە تۆوە بەندە...)

کەمێکی تر لێیدا ڕاماو پشتی لێ هەڵکرد، پاش یەک دوو هەنگاو ئاوری دایەوەو وەستا:

- ( خاوەر هەر لەسەر ئەو بیروڕایانە بە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان فێرم کردیت، ژیانت بۆ ڕاستی و چاکە بێت...)

وەرچەرخایەوە و بە هەنگاوی خێرا، بەرەو باخچەکە چوو، تا لە نیگاکانی خاوەر وون بوو. کە خاوەر گەڕایەوە ژوورەکەی نەی ئەزانی چی بکات، بگری، لەبەر ڕوو لێی بکەوێت و ڕووی لە پێخەفەکەیدا گوم بکات، یان لێ بکەنێت؛ (دایک و باوک و برام بوو، هەموو کەسێکم بوو، هەر ئەو بوو فێری خۆشەویستی هەموو شتێکی جوان و ڕەسەنی کردم، وا ئەمڕۆ هەر ئەو بیروڕایانەی خۆیەتی لەیەکمان ئەکات، جا خاوەر خۆت لێ بەخت، ئەوەی خۆشت بوێت لێت وون ئەبێت، ئەبێت ج تاوانێکم کردبێت. خولە- بوو وا ڕۆیشت و بیرم بڕ ناکات، بیبینمەوە، باوکم.....)، دەستی کردەوە بە گریان، تا بەرە بەیان، هەر لەم ئەندێشە و گریانەدا بوو، کە ڕووناکی کەمێک تاریکی ڕەواندەوە، هاتە بەر پەنجەرەکەو بیری لە هەموو ژیانی خۆی ئەکردەوە، زۆر بیری لەو دەمە کردەوە، کە خولە و کەنیلە هاتنە شارو چۆن سەراپا ژیانی ئەمیان گۆڕی، (خۆزگە پرسینەکانم (خولە) یان بە درۆ ئەخستەوە، وەک خولەم لە کیس چوو

يسمح

با باوکم، دڵسۆزێکم بۆ بمایەتەوە. بۆ ئەبێت بەشم تەنیایی و تەرەکی بێت، باشە
سبەی کە ئەو (میر)ە دێتە شارەوە، چیم لێ ئەکات، خوا خۆی ئەزانێت
بۆچ لایەکم دوور ئەخاتەوە، یان لە کونجی ج زیندانێکم ئەنێت، بەڵام تازە چی
ئەبێت با ببێت، گەر تاوانبارم و شایستەی ئەو سزایەم ئامادەم بۆ هەموو
ئەنجامێک، خۆ لێم شێوا تاگۆم قوڵتر بێت مەلەی خۆشترە. گەر بێم هەڵە
نەبووایە، خۆم دەرمان خوارد و ئەکرد، ژیانم بۆ چی یە؟ یان ژیانم چی یە بۆچی
بژیم، یان بۆ کێ بژیم؟ چیم خۆش ئەوێت، دەستی چڵکنی ڕۆژگار لێم قۆچە
ئەکات، بەڵام ئەبێت بژیم، گەر شایەنی سزای ژیان بم با لە چەرمەسەری دابژیم.
خۆ من لە باوکم زیاتر نیم لە پێناوی من و گەلەکەی دا، ئەو قوربانی یەی دا و
سەری خۆی هەڵگرت).

دەنگ و هاوار و غەلبە غەلبێک لەم ئەندێشانەیان ڕزگارکرد،

ـ (کوڕینە، بگەنە بەگ)

ـ (کوڕینە زووکەن، دەستوبرد، دوژمن نزیک بووەتەوە)

ـ (بابزانین ڕاوێژی بەگ چی یە؟)

بە ئاگای خۆی هاتەوە، هاوارێک زیاتر ووریای کردەوە

ـ (خەڵکینە دوژمن گەیشتنە ئەودیو دیواری شار)

لەبەرخۆیەوە ئەیووت (باوکم سەری خۆی هەڵگرت، خوێنی بێ تاوان ئەڕژێت،
ئەیان گەمێ، هەڵەیەک ئەکەن و شارەکەش بە دوژمن نغرۆ ئەکەن)

چالاک بووەوە، خۆی کۆکردەوە، هاواری لە (مەینجە) کرد، زۆری پێ نەچوو، گەیشتنە
دیوەخان، دەنگ و هەراکە لە دەرگای دیوەخان دا بوو، کە چووە ژوورەوە مامۆستاو
سەرلەشکرو سەرکار لە بەری هەستان، چووە سەر جێگەی باوکی دانیشت.

-(مامۆستا ئەو دەنگ و هەرایە چییە، چی ڕووی داوە؟)

-(قوربان خاتوون، لەشکری دوژمن ئەمشەو داکشاوەتە ئەو دیو دیواری شارو واچاوەڕوان ئەکرێت بەم زووانە، دوور نییە ئەمڕۆ بدەن بەسەرمان دا)

سەرلەشکر قسەکەی پێ بڕی و ووتی:

-(جەنابی (بەگ) وای لاباش بووە تا ئاگرەکەمان ئەگاتێ، خۆمان ئەشلەژێنین و خەڵکەکە تەنگاو ئەکەین، جا ڕاستییە ئەوێتێ گەرچی لەشکر هەر ئامادە بووە، بەڵام ئەوەندە نییە، بەرەنگاری لەشکرە بێ شومارەکەیان بێتەوە)

وزارة الثقافة والاعلام
يسمح

-(جەنابی (بەگ) کوا؟، تا پێمان بڵێت چی بکەین و چی ئەکەین؟)

خاوەر چاوی لەنێوان ئەم سێیەدا ئەگێڕا، جار جارە گوێی بۆ هاوار و دەنگەکەی دەرەوە شل ئەکرد، کە سەرکار ناوی (بەگ)ی هێنا، چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک، بە قورگێکی نیوە نووساوەوە، بەڵام بە دەنگێکی نزمەوە ووتی

-(باوکم... نیشانەی خۆبەختکردن و قوربانییە، ئەیزانی ئەم جەنگە کوشتارێکی بێ شوماری تێدا ئەکرێت و ئەو دوژمنەش دژی کەسی خۆیەتی، ئەمشەو سەری خۆی هەڵگرت، منیش نازانم ڕووی لەکوێ کردووە).

خۆی بۆ نەگیرا فرمێسکە قەتیسەکان لە دیدەیەوە خزان و ووتەکانی لەگەروودا مەیی، مامۆستا و سەرکار و سەرلەشکر سەیری یەکیان کرد، حەپەسابوون،

-(بەگ سەری خۆی هەڵگرت؟)

-(ڕح سەردارێکی عەزنە!)

-(ئەبێت قوربانی دان وابێت، واز لە هەموو شتێک بێنێت بۆ ئاسوودەیی گەلەکەی)

حەپەسانەکەیان تێکەڵ بە ترس و جۆرە خۆشییەکی سەیر بوو بوو، لەوە حەپەسابوون جاران بەگ بۆ بستۆکە خاکێک سەری سەرداری ئەپەڕاند، ئێستاش سەری خۆی

هەڵ ئەگرێت، بگرە کچەکەشی بەجێ دێڵێت، نەیان ئەزانی چی لە نێوانی و کچەکەیدا ڕووی داوە. ترسی ئەوەیان بوو، ئەحانی پیاوماقوڵ و پاوێژکاری (بەگ)، چییان لێ دێت. خۆشی ئەوەش دایگرتبوون کە ئەو خەڵکە بەستەزمانە لە دوو نیگەرانی ڕزگاری بووە.

مامۆستا پاشان بێ دەنگی و حەپەسانێکی زۆر، ووتی

- (جا خاتوون، فەرمانتان بەچییە؟)

- (مامۆستا، ئاشتی لە جەنگ چاکترە، باوکم لە پێناوی ئاشتیدا سەری خۆی هەڵگرت، تا ئاوێک بەم ئاگرەدا بکرێت و زیان بە خەڵکەکەی نەگات. من وام پێ باشە، ئێوە ئەڵێن چی؟ کە دەنگ بدەین بە لەشکری دوژمن و لەگەڵیاندا ڕێکەوین و گەر بیانەوێت دەروازەی شاریشیان بۆ بخەینە سەر پشت)

حەپەسا بوون، پاش پاوێژێکی سێ قۆڵی، سەرلەشکر ووتی

- (ئێمەش لەگەڵ قسەی تۆداین خاتوون)

ڕێکەوتن، سەرلەشکر چووە دەرێ پەیامبەرێک بنێرێت

دەرگا بۆ تەتەری شار خرایە سەر پشت، دەرچوو. بەرەو لەشکری (میرمحمود) چوو، کە تازە کەوتبوونە خۆ ئامادەکردن، گەرچی دوێنێ شەو ماندوو بوون، بەڵام لەو کەوەی حەوانەوە، چالاکی و تینی پێ بەخشینەوە، هێشتا (میر) چاوی لە شار بوو، یەکەم کەس بوو، لە دوورەوە تەتەرەکەی بەدی کرد، هاواری کرد

- (پەرویز، هەواڵ بدە بە سەرلەشکر سوارێک بەرەو لای خوارەوەی لەشکرگا دێت)

پەرویز تاوی تەقاند بەرەو هۆبەی سەرلەشکر، بەڵام نەیدی چوو بووە سەر ژمێری پۆلە چەکدارەکان. زۆری نەبرد، پەرویز خۆی گەیاندێ و گەڕایەوە لای (میر).

چوار سواری میر بەرەو تاقە سوارەکە چوون، بالبەستیان کرد و هێنایانە بەردەم میر،

وزارة الثقافة والإعلام
يسمح

میر لێی پرسی
- (ها بڵێ برام، پاکردووی، پەیامهێنی، یان چیت؟)
- (قوربان من لەشارەوە هاتووم، پەیامێکم بۆ (میر محمود) پێیە، بیم بەتەلای)
- (فەرموو منم ئەوم، چیت لێیە بڵێ؟)
- (قوربان ئەم شەو (بەگ) سەری خۆی هەڵگرتووە وکەس، تا ئێستا نازانێت، بەرەو کوێ چووە، یان چی بەسەر هاتووە)
- (کێ ناردتی؟)
- (قوربان ئەوە نوسراوێکە لە خاتوونی کچی بەگەوە، بۆم هێناوی، ئەو ناردمی)
میرکە نامەکەی خوێندەوە، بانگی کردە پەروێز
- (پەروێز برۆ بە پەلە سەرکار و سەرلەشکر و مامۆستام بۆ بانگ بکە)
ئینجا فەرمووی لە تەقەرەکە کرد بچەوێتەوە، تا جارێکی تر نوسراوەکەی خوێندەوە، هەرسێکی هاتن، دەیان پرسیار لە چاویان دا دیار بوو، پاش سڵاو بێ ئەوەی بپرسن، میر ڕووی تێ کردن و پەیامەکەی بۆ خوێندنەوە و بە چوارقۆڵی چوونە ناو کەپرەکەوە
- (قوربان وا بزانم خەوەکەتان هاتەدی، مردن هەر بووە لانەوەرگ ڕاوت بکات، ئەمەیان هەموو پۆشێکی مردنێکە بۆ (بەگ)ی لاشەواز)
- (مامۆستا ڕاست ئەکەیت، منیش ئاواتم بوو بە خوێنێکی کەم ئەوەم بۆ بێتەدی)
- (دەستی برایەتی و دەستیان بۆ درێژ ئەکەین)
- (ئەبێت چاکی خۆمانیان بۆ بسەلمێنین)
سەرلەشکر کە تائێم دەمە بێ دەنگ بوو، ووتی:
- (قوربان تۆ بڵێیت ئەوە دەستخەرۆکردن نەبێت، وا باش ئەزانم داوای ئەوە بکەین، دەروازەکەمان بۆ بکەنەوە و بچینە شار).

- (گەرچی پێشنیارەکەتم بەدڵە و هەرواش ئەکەین، بەڵام دڵنیام لەڕاستی ئەم هەواڵە)

سەرلەشکر گەڕایەوە بۆلای پۆلەکانی، بڕیاری دیریان پێ گەیەنێت، مامۆستا و میر مانەوە و سەرکار چوو پێستە و خامەیەک بهێنێت، کە هاتەوە، سەرکار ووتی:

- (قوربان ئامادەم چی بنووسم؟)

- (بنووسە بەڕێز خاتوو خاوەر

نوسراوەکەتان گەیشت، دەستی ئاشتیتان ئەفەینە ناو دەست، بۆ هەردوو چاکترە بە ئاشتی ببڕێتەوە، حەز ئەکەین دەروازەی شارمان بۆ بکەنەوە تاکو خۆمان و کەمێک لە لەشکرەکەمان ببینە میوانتان بۆ پۆستکەندەی کێشەکە - میر محمود)

- (بەڕوێز)

لە چاوتروکانێکدا هات:

- (بەڵێ قوربان)

- (تەقەرەکە بانگ کە ژوورەوە)

کە تەقەرەکە گەڕایەوە، میر چاوی لێ بڕی تا لە بینین وون بوو، وەک بیەوێت بڵێت (لەبیرت نەچێت سڵاوی گەرمم بە خاوەر گەیەنە) لە دڵی خۆی دا ئەیووت ((ئافەرین کچی ژیر تا دێت زیاتر لە دڵمدا گەورە ئەبێت، تۆ بتوانی ئەوە بە (بەگ)ی سەرەڕۆ و خوێنڕێژ پەسەندکەی کە سەری خۆی هەڵگرێت، بەڕاستی بەهەڵە نەچوو بووم)

سوارەکە بەهەمان غاردان خۆی کردەوە بە شاردا، هەرهێندە وەستا تا دەروازەکەیان بۆ کردەوە، ئیتر خۆی گەیاندە دیوەخان، لە حەوشەکەدا ئەسپەکەیان لێ وەرگرت و بەپرتاو گەیشتە دەرکەوان....

خاتوون و سەرکار و سەرلەشکر و مامۆستا لە سەر ئاگری چاوەنواری بوون، پاش سڵاو و سەری نەوی کرد:

- (قوربان خاتوون، ئەم نوسراوەیان لێ دام)

وزارة الثقافة والاعلام

راگرت

چووە بەردەمیان و نووسراوەکەی بۆ (خاوەر) ، لە دەستی وەرگرت و بە دەنگی بەرز خوێندیەوە.

مامۆستا ئیجگەی بۆکرد و ووتی : ـ (خاتوون ، بڕیارتان چی یە ؟)

ـ (ئێوە ئەڵێن چی ؟)

وەکو هەموو دەنگیان کردبێت بە یەک ووتیان : ـ (بڕیار بۆ ئێوەیە ، بەڵام واباشترە داواکەی بکەین)

ـ (باوابێت ، بەڵام پێش ئەوەی دەروازەکەیان بۆ بکەینەوە ، ئەوەوێت هەرکەسە و لەلای خۆیەوە بۆ گەل و سوپای ڕوون بکاتەوە ، دەی با بجوڵێین)

بڵاوەیان لێ کرد ، خاوەر کە تەنیا بووەوە سەیری دیوەخانەکەی کرد ، چۆڵەکەی باوکی ئەکرد ، گریە لە جگەریەوە ئەهات (( بابە گیان ، با بەم جۆرە نەبوویتایە ، ئەبێت ئێستا لەکوێ بیت ، ڕووت لەکوێ بێت تۆش پۆلیشتی و خولەش بێ سەروشوێنە ، خوا ئەزانێت (میر) یش چیم لێ ئەکات ، لە چ کوچەیەکم ئەخزێنێت ، بەڵام هەرچی یەک ئەبێت با ببێت )).

لە وێنەکەی شیرین و فەرهاد ڕاما ، تریەی دڵی کەوتە پەلە ، هەناسەی سوار بوو ، هەستی بە گەرمی یەک کرد لە گەردن و مل و چاوی دا ، بیری ئالۆزا ، (خولە هۆی شادی و سوگوارم بوویت ، وەک وات لێ کردم بزر نەبوویتایە ، تۆ بڵێیت ڕۆژێک بێت بە دیدارت شاد ببمەوە) ، لەم ئەندێشانەدا بوو ، هەر یەکێک خۆیان کردەوە بە ژووردا ، پاش سڵاو سەرلەشکر ووتی :

ـ (خاتوون هەموو کارەکەمان ڕاپەڕاند ، بڕیارتان چی یە ؟)

خاوەر ، پاش ئیستێک ، بە دەم هەنسکێکەوە ووتی :

ـ (با دەروازەکەیان بۆ بخەنە سەرپشت)

نەینە ڤا ـ ١٩٨٩

* * *

وزارة الثقافة والإعلام